

# هەناسەکانی
# ژنێک

# هەناسەکانی ژنێك

ناوی کتێب: هەناسەکانی ژنێک

نووسەر: سروە عوسمان ـ ناسراو بە (سروەی بەیان)

بابەت : شیعر

تایپ : نووسەر

پێداچونەوەو هەڵەچن: نوسەرو شاعیرـ ڕەشید سیوەیلی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : ئومێد محەمەد

تـــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (    ) ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

بەسوپاسەوە، لەسەر ئەرکی سروود ی برام، چاپکراوە
مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی تەنها بۆ نووسەر پارێزراوە ..

شیعر



# هەناسەکانی ژنێک

سروەی بەیان

2019

## پێشکەشە

**بەو ڕوحە زیندووەی فێری کردم، شیعر هەوێنی عیشق و ئازادی و ئاشتی و خۆشەویستییە ......... باوکم**

# پێڕست

ئەستێرە.......................................... ١٣
هەناسەکانی ژنێک.......................... ١٥
گەڕان بە دوای خۆمدا.......................... ١٧
گریانی بێدەنگ.......................... ١٨
جەژن چییە.......................... ١٩
ڕاژەنینی ئازادی.......................... ٢١
ئاهێک.......................... ٢٣
ژانی تەمەن.......................... ٢٤
چەتر.......................... ٢٥
تابلۆیەک لە ئەندێشە.......................... ٢٦
سەمای جەستە و قەڵەم.......................... ٢٧
ماڵئاوایی.......................... ٢٩
کە هاتم چیت بۆ بێنم ؟.......................... ٣١
بانگ.......................... ٣٣
لاوانەوە.......................... ٣٥
دە دابارە نێو ڕوحمەوە.......................... ٣٧
چ ڕۆژگارێکە!.......................... ٣٩
شەنگال و نادیە موراد-ەکان.......................... ٤١
چ باسە!.......................... ٤٤
چۆنی بێ من؟.......................... ٤٥
من و خەیاڵ.......................... ٤٧
چیدی کۆیلە نابم.......................... ٤٨
خەم.......................... ٥١
مەستی.......................... ٥٢
دە لێیگەڕێ.......................... ٥٣
وێڵبون بەدوای تۆدا.......................... ٥٤
سەدایەک.......................... ٥٦

مناڵیم بگەڕێننەوە.......................................٥٧
گەر هاتیت...................................................٦١
گەر ئەمجارە بێیتەوە......................................٦٣
ژان گرتن.....................................................٦٤
مەیلی خۆمە..................................................٦٥
دەنگێک.......................................................٦٧
ژوانی مانگ..................................................٦٨
ئازیزەکەم.....................................................٦٩
چەنگ.........................................................٧١
ڕۆژێ وەرە...................................................٧٣
لە ئێستادا.....................................................٧٤
ژوان...........................................................٧٥
ماسک..........................................................٧٧
من کەرکووکی» یم..........................................٧٨
من پێشمەرگەم..............................................٧٩
شەڕ ڕاگرن...................................................٨٠
نیشتمانم......................................................٨١
بەم پایزە.....................................................٨٢
ژنانی شارەکەم...............................................٨٣
گەر دەتەوێ...................................................٨٤
ئاوارەیی ڕوح لە نیشتیمان...................................٨٥
عیشق و ئازادی...............................................٨٧
سکاڵا..........................................................٨٩
چوارینەکان...................................................٩١
ژنبـوون.......................................................٩٤
پۆستەرە شیعر...............................................١٠١
بیابانی لم و ئەنفال..........................................١٠٥
سروەی بەیان.................................................١٠٩
ئاهو ناڵە.......................................................١١٠

خۆشترین کاتمان ئەو کاتە بوو........................ ١١٣
شکانی تابووەکان.................................. ١١٤
کۆڵوانەی بینایی.................................. ١١٥
سەفین............................................. ١١٧
مۆم................................................ ١٢١
نەورۆز............................................ ١٢٣
فەنابوون.......................................... ١٢٤
هەولێرەکەم........................................ ١٢٥
بیری جاری جاران دەکەم.......................... ١٢٧
هەشتی مارس و ژن................................ ١٢٩
دژە شەپۆلم........................................ ١٣٣
بۆ دایکم........................................... ١٣٥
سۆزێک بۆ دایکم................................... ١٣٦
سۆزێک............................................. ١٣٧
ژن، ژن، ژن...................................... ١٣٨
پێی بڵێن........................................... ١٣٩
نیگا................................................ ١٤٠
وێڵبوون............................................ ١٤١
تەنیاییت باش ئەزیزم............................. ١٤٢
خودایە............................................. ١٤٣
گەر بڕیار بێ...................................... ١٤٤
ئێستا خەمێک نیشتیمانە........................... ١٤٥
سکێچی تۆ......................................... ١٤٦
وەرن............................................... ١٤٧
لە ئامێزی شاعیران................................ ١٤٨
تەنیاییت پڕ بکەم لە خۆم......................... ١٥٠
ژەنین............................................... ١٥١
سپاردنی ڕوح...................................... ١٥٢
خەونەکان نیشتنەوە................................ ١٥٣

هەستێک..................................................... ١٥٤
پێکی ژەهر.................................................. ١٥٥
ژین و مەرگ................................................. ١٥٦
هیچ!........................................................ ١٥٧
دژەکان...................................................... ١٥٨
شانۆی ژیان................................................. ١٥٩
هەنسک..................................................... ١٦٠
باج.......................................................... ١٦١
دەڵێن....................................................... ١٦٣
کەشکۆڵی شین.............................................. ١٦٥
بەسە بێدەنگی.............................................. ١٦٦
تاجە گوڵینە................................................ ١٦٧
قەتیس ماوم................................................. ١٦٩
عیشق....................................................... ١٧١
بەسەرهاتی دار.............................................. ١٧٣
دەترسم..................................................... ١٧٤
ئەمەک...................................................... ١٧٥
پرسێک..................................................... ١٧٦
خۆزگە هاودەمم دەبووی.................................... ١٧٧
باخچەی ژن و هەنار......................................... ١٧٩
ئەوەتان پاکیزەکان.......................................... ١٨١
شاژنی شیعرم عەفرین....................................... ١٨٣
شەڕڤان ناسنامەی کوردانە................................. ١٨٦
ڕۆژی خۆشەویستیت پیرۆز................................... ١٨٨
بەستەڵەکی عیشق........................................... ١٨٩
گریانی ئەو.................................................. ١٩٠
ئێستا گەلێک................................................ ١٩١
سڵاو ڕۆژئاوا................................................ ١٩٢

لەنێو لاپەڕەکانی ژینمدا، تاڵی و سوێری زۆرم چەشتووە، منداڵییەکی پڕ حەزو خولیای بەدی نەهاتوو، هەرزەییەک دوور لە چێژی جوانی و ئەوین و تام و بۆی کچێنی، گۆشکراو بە خەم و کارەسات و کێشمەکێشمی ژیان، نەخۆشی و دەردەداری، لەسەرووی هەمووشیانەوە شەڕی نەبڕاوەی کوردبوون لەتەواوی تەمەن بەرۆکی بەرنەدام.

لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا، خوێندنەوەو نووسین هاورێ و هاودەم و فریادڕەسم بووە، ناکرێ بڵێم هەرگیز خۆشیم نەدیوە، بەڵام هەمیشە خۆشیەکانم ناکام بوون .. لەدووتوێی ئەم کتێبەدا هەنسک و فرمێسکەکانی کچۆڵەیەکی هەرزەکار، پاکیزەیەک، دایکێک، ژنێکی کامڵ ڕێتان پێ دەگرێ و ڕێچکە دەگرێ، تا وردە شەپۆل بەرەو دەریای ئارامی بیباو بۆ تا هەتایە ئازاد بێ، لە نێو دێڕی هۆنراوەکانمدا سروەیەکی فێنک پێشوازیتان لێ دەکا، دەبێتە میوانێکی ئێسک سووک تا لە ئامێزی گەرمی کتێبخانەکانتان لەسەر ڕەفەیەکی بەردەست، جێگایەکی شیاوی پێ ببەخشن، من کاتێ سروەی فێنکی بەیانیانم، هەرگیز نابمە رەشەبا و ئارامی ژیانتان هەراسان ناکەم، بەویستی خۆتان بمخوێننەوە و بملاوێننەوە و بمگرنە باوەشی میهرەبانیتان .

**سروەی بەیان**

**ڕەشید سیوەیلی› شاعیر و نووسەر لە خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ شیعرەکانی سـروەی بەیان و دەربـارەی هەناسەکانی ژنێک دەڵی:**

شاعیربوون، واتە ئەکتەربوون لەسەر شانۆی وێژە، دەقە شیعرییەکانی چاوی نێرومێی کۆمەڵگەیە. لە بـاڵاوە بۆ جوانی، لە جوانییەوە بۆ هاوتایی ژن و پیاو و ڕاستەوخۆ بەرەو مەیدانی شەڕی دەستەویەخەیی، ژن لە پێناسەی هەست و نەستا لای شاعیر، لە جەنگی عەشقی پیاودا، وەک ململانێی خواو ئیبلیسە، براوەو دۆڕاو، لە دوو تێزی کۆڵەکەیی یەکتر ڕاگردا. لە ئاشتیدا چیتر ڕەگەز پێوەری نامێنێت لای ئەو شاعیرەی بە ژنیەتی شەڕی سروشت لەگەڵ پیاو دەکات. پێوەری { هەناسەکانی ژنێک } هێرش بردنە دژ بە بکوژانی مێینە، بەرپەرچدانەوەیە لە دژی زیندەبەچاڵ کردنی ئەوین.. لە مرۆییا لەدەریا جوانتر و ساناتر ڕادەکشێت بۆ پەنابەرانی، زمانی هۆنراوەیی سروەی بەیان شەپۆلی بەگوژمە، لەنێو ژناندا، ژن دەگەێنێتە سەر عەرشی پیاو و بەزمانی ژن، پیاو دەهاوێتەوە باوەشی ژن ...

ژن لە تەقینەوەی ئەتۆمیشدا چیرۆکێکی ئارامە، چێژ لەبوون و توانەوەو سڕینەوەو زیندووبوونەوە دەبینێت لەبری بۆنی مەرگ، نۆتەی وشەکانی کۆپلەکانی سەراپای ئاوازەکانی لەخۆی گرتووە، تۆ لەجەنگدایت گوێت پڕ لەفیشەک دەکات، لە عەشقدایت، لێوانلێوت دەکات لەئاوازی

خەیاڵ، بەسەری سپیشەوە خەیاڵ و زەردەخەنەت ون ناکات، تۆ پێشمەرگەیت، لەگەڵ پرتەی چاودا، کێوەکانی کوردستان بەرزبوونەوەی پێڵوی چاو و برژانگتە. داگیرکراویت، یەک بەیەکی هەڵدێرەکان لەسەر جەستەی خۆت دەنووسیت، سروە لە کوردبووندا، کۆت و بەندی دەست و پێی کەرکوکی بە کچێنی ناسیوە، بەبووکی عەشقی لەگەڵ ئارەبخاو عەفرین و کۆبانێ کردووە لەباوەشی ناسیونالی کورددا بە چاوی نەنکی گریاوە لەمنداڵیدا بە زمانی باوکی چیرۆکەکانی زیندانی گێڕاوەتەوە.. کاتێ باوکی باسی کەوتنەخوارەوەی خۆری کردووە، سروە لەبڕبڕەی پشتییەوە فێرکراوە خۆی بهاوێتە ژێر ئاسۆ و خۆر بپارێزێ..!

نا نا ئەو پاڵەوان نیە، ئەو ژنە، ئەو مرۆڤە؛ دەستێکی نێرو دەستێکی مێی کردووە بە مەشخەڵ.. ئیتر ئومێد وایە. کاتێ خامەی هاتەگۆ، هێندە سیاسییانەو ئەدەبییانە گۆشکرابوو نەیدەزانی بلێ خۆشمدەوێی ئەی هاوژینەکەم، تۆی هاوسەر و براو باوک و کوڕ.. تۆی مەعشوق .. لێ ژنانە بەدەنگی بەرز وتی: من نیوەی تۆم، لە هەر دەروازەیەکەوە بێیتەوە، باوەشم واڵایەو وەک هێلانە گەرمە بۆت، من لێرەم و ماندوویێت دەڕەوێنمەوە، لێ باش بزانە بەهەر پاساوێک بمچەوسێنیتەوە مەتەرێزت لێدەگرم، لەدژی ستەم من شۆڕشڤانم.. دەزانی من نەعرەتەی هەموو ژنان دەکەمە فەقێیانەو پەتی مەرگ بۆ دوژمنانی ڕەگەز.. ؟

من شالاوم، من وشەم، ئیتر شەڕو ئاشتی و خۆشەویستی و هاوتایی ئاوایە، نامەیەکە  بە ئاوازەوە لێکمان دەئاڵێنێ بۆ ژیان. هەر سروەی شاعیربوو وتی :
من بەیداخی سپیم هەڵکردووە،  چۆن ڕای دەوەشێنیت کەیفی خۆتە.  هەناسەکانی ژنێک هەر چوار گەنجینەکەی ژیانە،
وێژە، ئەوین، نەتەوە، بەرەنگاری، لە هەمووی جوانتر.. ژن بوونیەتی، بەندە بەهۆی هاوڕێیەتییەوە زۆرینەی هەرە زۆری شیعرەکانیم بۆن و شەن و کەو کردووە، هەر بۆیە ئاوا ئاوێنەیی لە ڕێی هەناسەکانی ژنێکەوە وێنای دەکەم.

**ڕەشید سیوەیلی**

# ئەستێرە

ئاسمانم کردۆتە سابات و
مانگیش لە دووتوێی پێڵوی چاوەکانم
هەوری زریزەییش لەنێو تاڵەکانی
ڕەشماڵی پرچم
تاویش لە دیدگای ڕوانینم
جوانیی دیمەنیش لە بوونم
من ئەستێرەم.



# هەناسەکانی ژنێک

خۆشەویستم
لەم دەڤەرە بێ ئامێزە
رۆژ نییە ئاهو ناڵە و توانەوەی ڕۆح
بۆ مەعشوق لەخاچ نەدرێ،
رۆژ نییە هەوڵی سیزیفەکان
لەبەر ڕەشەبادا شەن نەکرێت
کەچی ڕۆژیش نییە
من سەردانی هەواری دڵم نەکەم و
ساباتێک بۆ ژوانێکی عاشقانە
سازنەکەم،
ئەی ئەوانەی دەستی قەدەر
گەمەی دوو ڕوویی لەگەڵ کردن
ڕەوی کوێستان و گەرمیانی
داڵدەیی دڵەی بێ ئۆقرەیی پێکردن،
من سروە) ی هەناسەی ژنێکی عاشقم
ئیهامێک بە نەڕەیەکی کەمتیارانە
پەڕو باڵی لێکردمەوە
بە تاوانی خۆشەویستی
تا ئەبەد گرێدراوی سووتانی کردم
ئیهامێکیش بە پاساوی پێکەنین

بەدەم گوڵی باخچەکانەوە
کەللەسەری پەڕاندم
تا بەدەنگی بەرز هاوار نەکەم
کێوەکان نەهەژێنم و
هەزاران گردۆڵکە نەلەرزێنم
لێ، من ژن ئاسا
ملوانکەی شیعرم لە گەردنم ئاڵاند
ئێستا لە گۆڕەپانی عیشقا
چاوەڕوانی ئەو پیاوەم
لە حەزی پیرۆزدا لەمن دەچێت
سەر بەرزانە بەڵێن دەدەم
جاڕنامەی خۆشەویستی
لە سەرانسەری دونیا جاڕ دەدەم
ئەم عیشقە پڕ نازەی خۆم
لە کۆیلەیی ئازاد دەکەم
لە پاییزی خەزاندا
ئومێدی چرۆکردن دەکەم
لە قوڵایی ناخمدا،
بەژێی دڵ و حەزی بێ کۆتام
کۆنسێرتی عیشقێکی پاک دەگێڕم
لە ڕۆژهەڵاتی خۆرەوە بۆ ڕۆژئاوای عیشق
پێتان دەڵێم،
هەناسەکانی ژنێکی عاشقم
هەنگوین فرۆش نیم، هەنگوین کرم.!

# گەڕان بە دوای خۆمدا

دەفڕم بە ئاسماندا
ماشەری هەناسە شپرزەکانی خۆم
هەڵدەکەمەوە،
ئاهی ساردی دابران و
تەزوی گەرمی بەیەکگەیشتن
گرێ دەدەمەوە،
ڕووی راستەقینەی ئاسمان دەدوێنم
سەیری دەسلەملانێی
هەورە سپیپۆشەکان دەکەم،
لەڕاستیدا، چاو بۆ خودا دەگێڕم
دەمەوێ لە بوونی حاڵیبم!
لەم سەر زەمینە دوورکەومەوە
باڵەکانم تاو دەدەم، دەفڕم
دوور لە ناپاکی، لە ئیرەیی، لە درۆ
ئەو مەخلوقانەی پێیان دەوترێ مرۆ !
ئامێزی سروشت لە بەرزاییەکانەوە
ویژدانی زیندووە
ناخی پڕ خۆشەویستییە
لوتکەی جوانی و بێگەردییە .

تێبینی/ ماشەر.. ئەو کلافە دەزووە ڕستراوە پەرش و بلاوەیە، پێش ئەوەی بکرێتە گلۆلە.

# گریانی بێدەنگ

لە قەد و باڵای
نەمامە چەماوەکان دەڕوانم
لە ئاوێنە شکاوەکان
لە پرشنگی ڕۆژ دەگەڕێم
لەژاوەژاوی ژیاندا
ئاسوودەیی سۆراخ دەکەم
لە بەرزیی کۆشک و تەلارەکاندا
بۆ ئارامی عەوداڵم
تامردن بۆ دیتنەوەی ناسنامە
پارچەکراوەکەم لە تێکۆشاندام.

# جەژن چییە

زۆرن تاڵییە شیرینەکان
کە شەڕی مەرگمان پێ دەکەن
پەرت دەبن و تێک دەئاڵێن
جار جاریش وەک کۆی زوخاو
بە گەرودا دەچنە خوارێ
بەر لەجەژن
نەفرەتم لەڕۆژگار کرد
یادی ئازیزانم کرد
گوڵم بۆ هەمووان برد
نەبادا سبەی نەیەت و
بە دوو وشە
گەردەن ئازادیان بکەم
فرمێسکەکانم هەڵمژی، چاوم سڕی
کە مناڵانی برسیم بینی
بێ جەژنانەو جلی تازە
شێوا حاڵم، هەژا ناخم
نەفرەت لە هەموو ڕۆژەکان
کە وەک یەکن
پێکێک ژەهر!
بەهەر نرخێ بێ هەرزانە
بێ دوو دڵی نۆشی دەکەم
وەک جەژنانە.





# ڕاژەنینی ئازادی..

لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا
من و ڕیشۆڵەیەک
میوانی مانگەشەو بووین
ئەو خەمی سبەینێی بوو
دان و ئاو بۆ بێچوەکانی پەیدابکا
منیش خەمی ڕۆژێکی نوێ و
هەواڵی کوشتنی ژنێکیتر
پێکەوە کەوتینە باس..
ئەو باسی ڕزگاربوونی بۆ دەکردم
لەدەس تۆڕی ڕاوچیە بێبەزەییەکان،
منیش باسی ئازادیی
ژنانی بێدەسەڵاتم بۆ دەکرد
لەکلۆڵی و بەدبەختی ڕزگاریان کەم،
ئا لەو شەوە درێژەدا ..
ئەو گوتی هێلانەکەم
هەمیشە لەژێر مەترسی
دارلاستیکی منداڵە چەتونەکانە،
منیش گوتم، ژنانی ئێمەش
کۆیلە و بێ دەرەتانن، بێدەسەڵاتن

لەژێر چەپۆکی پیاوەکانن،
بەردەوام بووین لەگفتوگۆ..
ئەو گوتی ڕەنگە سبەینێ لەگەڵ
کازێوە و پرشنگی خۆردا
هەوارێکی تازە بگرم
تا بێچوەکانم لەشەقەی باڵ بدەن
ئازادانە هەڵبفڕن،
منیش گوتم، ڕەنگە سبەینێ
سەنگەرەکانی نیشتیمان
ببنە گۆڕستانی کۆنەپەرستان و
ژنکوژان و مێشک چەقبەستووەکان
منیش مشتێک ئارامی بەدەست بێنم،
بەدەم باوێشکدانەوە، ئەو گوتی
خەو بەو ڕۆژەوە دەبینم
قەفەز نەمێنێ و
لەئاسمانی فراواندا ئازادانە
لە شەقەی باڵ بدەم و بفڕم،
منیش گوتم، دەبێ کەی ئەو ڕۆژە بێ
جەهالەت ڕاوبنـێـین و
لەگەڵ ژنانی وڵاتەکەم بە ئازادی
ڕووەو ئاسۆیەکی پرشنگدار
هەنگاوبـنـێـیــن..!

# ئاهێک

دڵتەنگی و بێتاقەتی
هێندە پڕە، لێی دەرژێ
هەوری هەناسە هێندە چڕە
خەریکە دەخنکێ
ناڵەی ناخی بە ئازار
چەخماخەی لێدە
گڕ دەگرێ.

# ژانی تەمەن

وەرە دەرێ ئەی ژانی تەمەن
وەک بەفر بتوێوە
تا هەموو سوێرییەکان
بۆ خاک بگەڕێنمەوە
خۆمی ونبوو بدۆزمەوە
دە پێم بڵێن
لەکوێی بوون بگەرێم
لە کەوێلێکی دووردا
ئەگەر نەبووم؟
لە ئەستێڵێکی خنکاودا
ئەگەر نەبووم؟
لە ئاسمان لە نێو ئەستێرەکاندا
گەر هەر نەبووم؟
لە پەڵە هەورێکی زیویندا
دەبمە باران و دادەبارێم
سوێریی ژیان بە دەریا دەفرۆشمەوە
چیتر نە فرمێسکی سوێرو
نە حەسرەتی عیشقێکی تاڵ نانووسمەوە
بست بە بستی خاک تەی دەکەم
تا لانەیەک لە خۆشبەختی
بۆ هەمووتان چێدەکەم.

# چەتر

چەترێکم هەڵکردووە
بمپارێزێ
لە گەرمای تاوی هاوین
لە لێزمە بارانی زستان
لە ڕیقنەی ناوەختی چۆلەکەکان
لە ڕوانینی تیژی هەڵۆکان
لە ناعەدالەتیەکانی ئاسمان،
بمپارێزێ
لە تۆ لە ئەو لە هەمووان
لە تیر و توانجتان
لە بێبەزەیی و ڕەخنەتان
چەترێک بێ
بۆ نکۆڵی لە ژیان.

# تابلۆیەک لە ئەندێشە

لەگۆشە نیگایەکەوە
چاو دەبڕمە تابلۆیەک
لە ناخی دڵێکی بە ئازارەوە
زامێکی قووڵم وەبیردەخاتەوە
زامێک، چیرۆکێکی حەشارداوە
چیرۆکێک، سەربردەی ڕووداوێکە
ڕووداوێک، زۆر کاریگەر
تا ئەمڕۆش چاوەکانم ئازار دەدا.

# سەمای جەستە و قەڵەم

جەستە با خوێنی لێ بچۆڕێ
خامە،  زمان حاڵی خوێنی گەلتان بێ
قەڵەمێکی بوێر، دەنگێکی یاخی بەهێز
شۆڕشێک بەرپا دەکا
گڕکانێک لەیاخیبوون دادەگیرسێنێ
بۆ هەموو ئەوانەی
برسی ئازادی ڕا دەربڕینن
خامەکانیان، لەچاوی مێژوو چەقیوە
بەزەبری چەک لەداهێنان خەسێنراون
بۆ هەموو ئەوانەی
لەژێر دەستی کاڵفامەکان
بوونی خۆیان لێ بەڵایە
لە هزر و بیردا ئازادن
لەنوسین کۆت و بەند کراون
بۆ هەموو ئەوانەی
پڕ حەسرەتن
سوژن لە جەستەیان بئاژنن

دڵۆپێک خوێنی لێ نایە
بۆ هەموو ئەوانەی،
زۆر بە پەرۆش و دڵسۆزی
(نا) یەکەی سەردەشت عوسمان) تان
کرد بە دروشم و بوو بە (بەڵێ)  بۆ ئازادی
بە هاواری بەسە ژیان بە بێدادی
پێنوسەکانتان بەگەرخەن
سەمای ئازادی پێبکەن .!

# ماڵئاوایی

دڵم لەو ڕوانینە خەماویە جێما
هەستم لەو فرمێسکە قەتیسەدا خنکا
هۆشم لەو نیگا پڕ حەسرەتە وێڵبوو
چاوم لەو سیما سیحراوییە گومبوو
دڵۆپ دڵۆپ
بارانێکی سوێر و تفت
بە گۆنامدا هاتنە خوارێ
وەکو ئەوەی دواجاربێت
بە بینینی زەردەپەڕ شادببمەوە.



# کە هاتم چیت بۆ بێنم ؟

**کە هاتم**

لەم هەوارە

لەبەرزایی چیاکاندا

گوڵەنێرگز دەسکەنە دەکەم

تا بۆنی کەژو کێو بێنم،

**کە هاتم**

بەرچنەیەك گوڵە بەیبوون

لە دەشت و گوڵزاری هاموون

بەکۆڵوانەکەی پشتمدا

هەڵدەواسم، بۆتی دێنم،

**کە هاتم**

لەکوێستانی پڕئازار و دەرد و خەمم

هاژەی ڕووبار و ورشەی گەڵات بۆ دەهێنم

بە گوێچکەتدا دەیچرپێنم

بە دەنگیان ئاشنات دەکەم،

کە هاتم

هەنگاوەکان بەرەو لای تۆ چڕتر دەکەم

هاوڕێی سایەقەی ساماڵ و

تریفەی مانگەشەو دەبم

تا ببنە ڕێ نیشاندەری

ڕێگەی دوور و بێ سنوورم .



# بانگ

لەگەڵ دیمانەی بەهاردا
ژانی هەڵتۆقین دەمانگرێت
پەلەپروزەی ئەو ڕۆژەین
بۆ ژوانی پەروانەیەکی وەنەوشەیی
چرۆ بکەین، گوڵ دەربکەین
ئێمە کاروان سەرای دوو دڵی بیماربووین
بە وشە ئاشنایەتیمان پەیداکرد
بەکردە ژانمان هۆنیەوە
لەگەڵ چرۆکردندا
ئازارەکان هەڵتۆقین
زایەڵە نوێبۆوە
بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین بوو بە ئامانج
تا ئەو کاتەی
سەدای دەنگی بولبولێکی خەمناک
لە خەوی پڕ تەمتومان بەئاگای هێناین
بانگ هەر بانگی ئازادی بوو.



# لاوانەوە

لە ئامێزی دەریادا
لە باوەشی تەنیاییدا
نەورەسەکانم لاواندەوە
ئەندێشەی شەوێکی تارم بۆ خوێندنەوە
لە ڕیزبەندی وشەکاندا کە لە لێوان
کەوتنە خوارێ
هەر وشە بوو بەتەنیایی وەک
زەنگیانە دەدرەوشایەوە
سەرلەبەریان
بوونە ڕستەیەکی هارمۆنیایی و
گۆرانییەکیان لە باخی عیشقدا چڕیی
بوونە توولە نەمامێک
پێکەوە ڕازەکانی دڵیان پەی کرد
هێدی هێدی لە نێو باوەشی
نامیلکەی شاعیرێکی خەمباردا گیرسانەوە.


٢٠١٧

# دە دابارە نێو ڕوحمەوە

دە دابارە نێو ڕوحمەوە
چلۆن ئاونگ، گەر داخزێ
کوڵمەی گەڵا ڕادەموسێ
بە هاڵاوی هەناسەت
تەڕمکە و بمسوتێنە،
نم نم دابارە ڕوحمەوە
چلۆن پشکۆ، لە کوانووی ئاگردانەوە
بەستەڵەکی گیانی سڕبووم
بە ڕەژووی سوورەوەبوو گەرم دەکا
هێدی هێدی، گڕو تینی دەپرژێنێ
تۆش دابارە نێو ناخمەوە،
بڕژێ بەسەر جەستەی
تینوو و وشکهەڵاتوم
کێڵگەی ڕوح تەڕو شێدارکە
با پاراو بێ دڵەی ماندووم
لە گەردو تۆزی ڕۆژگارا

دڵ لە شەختەبەندی وەرزە
بە بێنازی هەڵکورماوە
نەک هەڵبەستنی جۆگەیێک
بەڕووبارێک خۆشەویستی ناتوێتەوە
دە دابارە بە سۆزەوە.

# چ ڕۆژگارێکە!

لەم هەرێمە،
لەم دەڤەرە پڕ نشێوە
لەم لێرەوار و لێژییە
هەرچی بەدی دەکرێت نەنگییە
نەبەردی و تێکۆشەریی
بێرەدا تێپەری و غلۆربۆوە
چاونەترسی و بوێریی
ئا لێرەدا خلیسکا و تلۆربۆوە،
لە پەتپەتێنی دەسەڵاتدا هەر خۆتانن
لە گەمەی کورسی کورسی و
کێبڕکێی بازوودا
دیسانەوە هەر خۆتانن
لە بگرەو بەردەی ڕۆژگاردا
هەر خۆتانن
نە خوێنی شەهیدان، نە خەبات و تێکۆشان
بوونیان نەما لە کاولستان
پێم ناڵێن بیست و حەوت ساڵە
چی گۆڕاوە؟
ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێت
هەمان بیچم و هەمان ناوە.



# شەنگال و نادیە موراد-ەکان

لە ڕۆژێکی گەرمی تەباخ
بۆ جەهەننەمیان بردین
تا بەهەشت بۆ خویان ببەن،
داعش بوو ناویان، موسڵمان بوون
ڕەش و پیس و ڕیش چڵکن بوون
دەستی چەپیان بانگهێشتنامەیەک و
دەست و پەنجەی شەهادەتیان
ڕووەو ئاسمان هەڵبڕیبوو
ئای لەو کارەساتە، لەو ڕۆژگارە شومە،
هەمووومانیان بەش بەش کرد
دایکە پیرو پەککەوتەکان
لەجوانیدا وەک حۆریی بەهەشت نەبوون
بۆیە هەر زوو کوشتنیان
کچۆڵە هەرزەکارەکان
وێنەی مریەم، پاکیزە بوون
پەردەی کچێنیان مابوو

بوون بە خەڵاتی ئەمیرەکان
پیاوە بەتەمەنەکان سەربڕان
کەللەسەر و لاشە
بە جیا لە زەویدا نێژران
گەنجیشیان لەبەر خۆر هەڵخست
بەبیانووی شەهادەت هێنان
لەگەرماو لە تینوێتیا،
گیانیان سپارد، شکهەڵاتن
هاتن هاتن...
پیاوانی وڵاتی بیابان و ئەنفال هاتن
پیاوانێک، بە ریشی درێژ و مێشکی پووچەوە
بە ناوی دووپشک و کوللە و مارمێلکەوە
لەشکرێک بوون لە بۆگەنی و ریش و بڕوا
کە ئەوان هاتن،
گشت حەزەکانی منیان کوشت،
بە غەنیمەت ناویان بردم
ئەو رۆژانەی تارمایی کچێک بووم
بەڕۆحێکی زامدارەوە

خوێن لەجەستەم دەچۆڕا

ئەو رۆژانە، من مەرگێک بووم

لە تابوتێکدا زیندانی

هەموو ڕۆژێک ژنێک دەمرد

پەرییەک، دووگیان دەبوو

پاکیزەیەک، خۆی دەسووتاند

کەنیزەیەک، هەزار ڕەکعەت

نوێژی جەبری دەخوێند

پاکیزەکان تەنها ڕۆژ ژمێرێکیان هەبوو

ئەویش لاقە و ئەشکەنجەدان بوو

دواتریش نەخۆشخانەی دەروونی بوو

لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستاش

لەژێر ناوی [ اللهاکبر]

لەژێر ئاڵای ڕەشی شوومدا

وەکو کاڵا دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن

ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن

بەدەیان و بەسەدانیان مەرگ زەفەری پێبردن

تۆ بڵێی [نادیە موراد] ەکان بێنەوە ژیان ؟!

# چ باسە!

لە پیرە هەولێر چ باسە
تەنها بینینی چەند دیمەنێکی پێخواسە
بەندکردنی چەند خامەیەکی ماندونەناسە
تێهەڵدانی مامۆستا و ڕۆژنامەنووسە
کە کوردم
دەبێ باجی کوردبوون بدەم
دەنگ هەڵبڕم
تەنها گوێ لە نارەزایەتی دەنگی خۆم بگرم
گەر بنووسم
دەبێ ڕووەو خۆم بێ تیغی پێنووسم،
ئێستا هەموو بندیوار دەڕۆین
زەوی  بیرکردنەوەمان پاوانکراوە
دڵسۆزیهان بەگومان لەقەڵەم دراوە
بێدەنگیش کۆت و بەندکراوە،
بە خۆمان دەڵێین مرۆڤین
لە خوێن و گۆشت خوڵقاوین
مەخابن کە جەستەیەکی بێ گیانین
کەللەسەرو لاشەی مۆمیاکراوین
لە هەموو شت دەچین
تەنها مرۆڤ نین.!

# چۆنی بێ من؟*

**چۆنی بێ من؟**

کەشەو چرای بێداریم خامۆش دەبێت

دڵ پڕ هەژموون وگیان پڕ حەسرەت

نیگاکانم بە دوای تۆدا شێت و وێڵن

لە چاوانی تۆ دەگەڕێم

تا ڕوناکی ئاوێزانی دڵ دەبێت

ئیتر خەم دەڕەوێتەوە،

**چۆنی بێ من؟**

لە دوورەوە چاوم لێتە وەک گەڕیدە

چاوەکانت بڕیوەتە چاوەکانم

تەلیسماوین ڕاتدەکێشن

بۆ باوەشی حەزەکانم،

**چۆنی بێ من؟**
بەهاتنت دڵ بۆ ژیان پێدەکەنێ
چاوانیش پێڵو دادەخەن
باوەش بەعیشقدا دەکەن
زۆر بە تاسەن بۆ ئارامی و
لە ئامێزت لەنگەرگرتن،

**چۆنی بێ من؟**
لە عیشقدا شەرم نییە
دڵ ئاوێنەی دڵە و جووتە
نزیکتر بۆ لێو ماچە
بە بۆن و بەرامەی عیشق
لێوانلێوە لەعیشوە و ناز
مەست و حەیران، بەبێ ئاواز.

* ناونیشانی قەسیدەیەکی مەولانا [جەلالەدینی ڕومی ] ە

چیدی ک

# من و خەیاڵ

لە هۆنینەوەی هۆنراوەیەک
خەیاڵ دەمباتەوە بۆ یادەوەریەکان
هەر تۆم لە یادە
**عیشق،**
کە بێزاریی ژیان تەنگم پێ دەچنێ و
دەمخاتە تراویلکەی بوون
بە ئاوات هەنگاو دەنێم
**خەیاڵ،**
کە هەستم پاوان دەکەن و
دەمکەن بە کۆیلەی واقیعێکی تاڵ
تەنها لە جوانی تۆدا ئاواز دەچڕم
**ژن،**
کە بە خەیاڵ دەمەوێ بگەمە لات و
خەونی ئەرخەوانی ببینم
هەر تۆم هەی
**خۆشەویستی.**

ۆیلە نابم

# چیدی کۆیلە نابم

تەمەن چەرخەڵەیەکە،
سەرهەڵبڕێنێک و سەردانەوانێکە،
تێدەپەڕێ و من هێشتا کۆیلەم
کڕنۆش دەبەم، نوێژی سەرشۆڕی دەکەم
تەمەن ڕۆژگارێکە
تێدەپەرێ و من هەر لە ئاغەڵی ئاژەڵاندا دەژیم
وەک ئەوان دەخۆم، دەنووم، بێ دەربەستم،
ساڵانێکە من کۆیلەم
کۆیلەی گوفتاری واعیزێکم
دەنکی تەزبیحەکەی مەلا) م
ئایەتەکان وەک کوختی لەبەردەکەم
بێ تێگەشتن، بێ هۆشداری
هەموو گوتارە توڕەهاتەکان دەڵێمەوە،
بێ سێ و دوو، قووتیان دەدەم
دوواتر بۆنی گەنیوی وشەکان
لە دەمم دەکەم،

ساڵانێکە من کۆیلەم
بێ هزر و هۆش و بێ بریار
پاشکۆی سەردارێکی ناسەروەرم!
بە لارێدا دەمبەن و دەمهێنن
لەچاوی خۆر دوور ڕامدەگرن
نەبادا ڕووناکیی بە چاوانم فێربێ،
من چیدی کۆیلە نابم
بەناوی خۆم و ملیۆنان دیل و
دەستبەسەرکراو، پێتان دەڵێم:
چیدی کۆیلە نابم
ئەی قالۆنچەکانی ژێرابە تاریکەکان
ئەی سیمرخە خوێنمژەکان
چیدی کۆیلە نابم
ئەی ئەوانەی چەندین سەدەیە
لە ژێر پەردەی ڕیایی و درۆ
تەنها ڕێگای کۆیلەییتان پێ نیشاندام
چیدی کۆیلە نابم.



# خەم

لەوەتەی هەم
دەروێشی خانەقای خەمم
لەوەتەی هەم
من شیعری کۆڕی ماتەمم
گەر ئەندێشە و خەمەکانم
لەگەڵ ڕۆژگار
بە تەنافی تەمەنەوە هەڵواسیبا
ڕۆژەکانی بێ ئومێدیم بنووسیبا
ئێستا لە سوێی ئەندێشە و خەم
لەسەر ڕێی ژین
شوورەی چین، م هەڵچنیبوو.

# مەستی

لە مەستیان پرسی،
بۆ پەنات بردە بەر مەیخانەو خەڵوەتی بێداری؟
مەستیش گوتی:
بولبولێ بە نامۆیی، لەسەرماناو بە بێکەسی
بۆ ئەوەی ناموراد نەبێ
خۆی بەهێشووە ترێیەکی ڕەشدا هەڵواسی
کەوتە چڕینی ئاواز و بە نەغمەوە گوتی:
ئەی بەری هەڵواسراو
من بۆت دەچڕم گۆرانی ..
تۆش خۆت دادۆشە، ئەی شەڕابی مەستی
تا ئەم هاوینە بەرینەسەر بە بادەنۆشی
با لێیگەڕێین لەقسەی خەڵکی
ئەم ئازارە تەنها بێهۆشی دادیەتی
تۆ بە شەڕاب و من بە گۆرانی
گەرم دەکەین ژوانی عیشق
تا کازێوەی بەربەیانی.

# دە لێیگەڕێ

دە لێیگەڕێ
با تەمەن بڕوات و بچەمێمەوە
بەسەر درەختی ژنبوونمەوە
دە لێیگەڕێ
با تارمایی و جێ پێیەکانی ماڵئاوایی و
ڕۆژەکان بنووسمەوە
گەر من نەبم
ئادەم) یش سەرلێشواوە
گەر من نەبم
وەسڵ و ئەوینیش دژەباوە
گەر من نەبم
عیشق واقی وڕماوە
لەم مەملەکەتە خاپوورە
لەم شەوە دەیجوورە
وەنەوز دەدەم، خەیاڵ دەکەم
زەردەیەکی خۆرئاوابوون
دوا سنووری خەونەکانمە
سەکۆیەکی نیو کەوانەیی
ئارامگەی ژانە گڕگرتووەکانمە
ئەوە ڕەوتی خەزانی پایزبوو
لە گەڵای تەمەندا هەڵبوو
زوو پێی گوتم
ئەو تاڵییە زۆر شیرین بوو.



# وێڵبون بەدوای تۆدا

ئەی غەریب!
لە کووچەو کۆڵانی وڵاتدا و
لە مەغریب و مەشرقی تابلۆیەکدا
بۆ تۆ گەڕام
ئەمێستا، خۆر لە سوچێکی ئاسۆوە
ڕەنگی شەرمەزاری دەگرێ، ئاوا دەبێ
مانگی چواردەش بەنازەوە
لە ئاسماندا دەردەکەوێ
شەوق و خەرمانە دەدا
شەڕ لەگەڵ چاوی شەو دەکا؟

تۆ دەزانی،
چاوی مێژوو کوێرایی هات

لە بێچارەیی ئەمڕۆی من؟

تۆ دەزانی،

دڕندەیی مرۆڤەکان

باڵی کێشا بەسەر ژین و ژیانی من؟

تۆ دەزانی،

لە ئاسمانیش سایەقەی ساماڵ تۆراو

هەوری چڵکنی لەخۆگرت؟

تۆ دەزانی،

شەبەنگ و پرشنگی خۆریش

زویربوون و مانیان گرت

هەموو فڕندەکانیش

لە شەقەی باڵیانداو

ڕەوی ئێجگارییان کرد؟

ئەی غەریب ئێستا لە کوچەو

کۆڵانەکانی وڵات

بەرەو لای تۆ باڵ دەگرم.

# سەدایەک

له قەرسیلی شیعرم دا
نغرۆی دونیای عیشق بووم
گلەیی چیم لێدەکەن ؟
نامەوێ لە هێلانەی ژین تەرە بم
لە لانەی دڵ بترازێ
لە پێدەشتی هیچ باخێ ئۆقرە ناگرم
پێیان گوتم، بەگەڕیخە پێنووسەکەت
کەتۆ باڵیۆزی پەیامی عیشق بیت
کە تۆ نووسەری جوانی و ئەوین بیت
دڵنیابە، ژیان لەگەڵ وشەی ناخت چرۆ دەکا
خۆشەویستی و پەیڤی جوانت گوڵ دەردەکا.

# منداڵیم بگەڕێننەوە

شووشە مووروەکانی یاریکردنم بدەنەوە
هێشتا ملوانکەی کچێنیمم پێ نەڕازاندۆتەوە،
بوکە شووشە قژ ئاڵۆسکاوەکەم لێ مەبەن
هێشتا حەز بەچاکردنی قژی دەکەم
ماڵە باجێنەکەم خاپوور مەکەن
منداڵیم لێ زەوت مەکەن
منداڵیم خەونێکی ئەفسوناوی بوو

هەموو کۆشک و تەلارەکانی دونیام
لەوێ دەبینی
گەورەبوونم هەرگیز مناڵیم ناسڕێتەوە
ئێستاش بۆ چاوشارکێ
گوزەر بەکۆڵانەکانی مناڵیدا دەکەم
بیری ئەو پایسکلە دەکەم
کە کوڕانی گەڕەک
کووچە و کۆڵانە تەسکەکانیان پێ دەپێوا!
ئێستاش جوانی ژیان،
لەو ڕۆژانەدا دەبینم
خەونەکانم لێمەکەنە بڵقی سەرئاو
مەمدەنە دەس ڕەشەبای عەیبە
هەرگیز ئارەزووی بەستنی پرچم ناکەم
تاڵە مووەکان داوای ئازادیم لێدەکەن
ئێستا تێدەگەم خۆشبەختی بۆ هێندە سەیرە!
ئەویش حەز بە ئازادی دەکا

تەلارە بەرز و ڕازاوەکان جێدەهێڵێ
لەبەردەرگای ماڵە هەژارەکان
خۆی لە پێکەنینە بێگەردەکەی
مناڵە ڕەش و ڕووتەکاندا دەبینێ
بەسادەیی لەسوچێکدا هەڵکوڕماوە
چاوەڕێی مناڵیی خۆی دەکا..!


هۆنراوه

# گەر هاتیت

گەر هاتیت ناهێڵم چراکان خامۆشبن
کەنارییەکان بەرەو غوربەت کۆچ بکەن
ئاسمان لە ڕووناکیی ئەستێرەکان تەرە بکەن
شەپۆلەکان بوەستن و کەشتیەکان لەنگەربگرن،

کە هاتیت بە تاری دڵ ئاوازی عەشق بژەنە
تاسەی حەزت لە جەستەی ئەوین بشکێنە
لێوەکانت بە هەنگوینی کوڵمەی سوور تەڕکە
چاوانت لەنیگای بلووری مانگی چواردە داگیرسێنە،

درێژ ترین قەسیدەم، هەنسکی گریانەکانتە
جوانترین ملوانکەم، مووڕووی پێکەنینەکانتە
ناسکترین کاتم، وادەی دەستلەملانێتە،

گەر سەردانت کردم بە دوورە نیگا مەمکوژە
ئازارمدە، با بەئاگابێم لەم خەوە نەگریسە
هەرگیز نازانم مەودای تەمەن چەندە
بەڵام چاک دەزانم ژیان بەبێ تۆ نەنگە.


٢٠١٧

# گەر ئەمجارە بێیتەوە

**گەر ئەمجارە بێیتەوە**
**چەپک چەپک گوڵەباخ دەسکەنە دەکەم**
**لە پێشوازیت پەڕەی گوڵت بۆ ڕادەخەم**
**بە جلی کوردی و مێخەکبەندەوە دەوەستم**
**بۆن و بەرامەی عیشقت بۆ پەخشان دەکەم**
**شەیدایانە لە ئامێزی ڕوحمت دەگرم،**

**گەر ئەمجارە بێیتەوە**
**بە گڕی پەنگرەکانی دڵم، چا دەم دەکەم**
**تاڵییەکەی بە دیدارت شیرین دەکەم**
**بە دێڕێک هەموو پرسەکانت بۆ باس دەکەم**
**مێژووی دووریت لەیەک چرکە لەبیردەکەم،**

**گەر ئەمجارە بێیتەوە**
**تاریکی شەو بۆ پشتی خۆر دەگوێزمەوە**
**وەک مۆم بۆ ڕووناکیی هەنگاوەکانت دەتوێمەوە**
**لە دووتوێی سرووشێکی بێهاوتا دەتنوسمەوە**
**لەژوانێکی تەڕو ئاشقانە بۆ تۆی دەخوێنمەوە.**

# ژان گرتن

لە چرکاندنی وێنەیەک
ژانی کۆپلە سرووشێک ئازاریدام
ڕێبوارێکی لاڕێ بووم
لە بێستانی مێرخاسێک گیرسامەوە
پڕ بووم لە وشەی جوان
لەم شانۆی ژیانە،
وەک نمایشکارێک چۆن دێتە سەر شانۆ
لەگەڵ خۆیدا دەقەکان دەڵێتەوە
کە گەیشتە سەر شانۆ
هەر هەمووی بیر دەچێتەوە
منیش، بیرم چوو بیاننوسمەوە.

# مەیلی خۆمە

**مەیلی خۆمە**
گەر بمەوێ گەردوون پڕکەم
بە هۆنینەوەی سرووشی نەمری
لەگەڵ ئەستێرەی سیوەیل
گاتاکان و ئایەتەکانی پەرستن
لە نوێژەکانی سەردەم خاڵیکەمەوە
هەپرون بە هەپرونیان بکەم
تا درەوشانەوە و جریوەم
درەختەکان لە ئامێز بگرن و سەوزببنەوە،

**مەیلی خۆمە**
هەناسە ساردەکان
بە گەرمیی نیگاکان جۆشدەم
خەو و خەیاڵەکان بێنمەبەر
نەیەڵم پەروانە گڕۆزەکان
بە گڕی مۆم بسوتێن

فێری تەوافی گوڵخوزار و
ماچی شیلەی گوڵیان دەکەم،

مەیلی خۆمە
دەزانم ئاسمان دوورە و نایگەمێ
ڕێگاش کاروان کوژەیە
مانگیش ئیرەیی بەجوانی ئەستێرە دەبا
ڕۆژیش سووتێنەر،
ئەی لەو چەپگەردە، کە بەقەد گەڵاکانی بوون
حەز بە بوونێکی ئازاد دەکەم.

# دەنگێک


لە ناو دارستانێکی چڕدا
لەقەدی دارێک، ئاڵابووم
دوور لە چاوان
دوور لە نیگای خراپەکاران
بە چپە بۆی هاتمە دوان
بمناسەوە، هاوڕێی نامۆییم
من مێیینەی وڵاتێکم
بۆتە قوربانی کولتووریک
بەناوی کولتووری بیابان
بۆ هاوڕێکەم
هەر وەکو کوختی دەدوام
مەخابن، چەندی کردم
هیچی نەگوت، نەهاتە دوان.

# ژوانی مانگ

هەموو تابووەکانم شکان
بەم درەنگانی شەوە
چومە ژوانی مانگ
نەمهێشت لەچاوەڕوانیبێ
نیگام بڕیە ئاسمان
ئەستێرەکان، بەجوانی مانگ سەرسام بوون
نەیان زانی جوانییەکەی
لە سڵاوی ئەودا خەرمانەی داوە.

# ئازیزەکەم

پێم خۆشە نازت هەڵبگرم
لە تەنیایی غوربەتدا دەرتبێنم
چارەنووسی نادیارت ڕەنگڕێژ بکەم
وەک پاڵەوانی چیرۆکێک لەئامێزتکەم
لەم پاییزەی تەمەنماندا
سارای ڕۆح ئاوەدان بکەین
کانیاوی ڕاز بتەقێنینەوە،
هەستی ناخمان بەیان بکەین.



# چەنگ

کە پەنجەکانم یەکدی دەشکێنن و
خۆم بە خۆم ورد و خاش دەکەن
دەنگی ئەندێشە و ئازاری
خنکێنراوم بە ئاستەم نرکەی دێ
بێهودەیی و بێئومێدیان لێ دەتکێ،

هەر کاتێ پەردەی کچێنی شارێکم
بێ ئابڕوانە هەتک دەکرێ
ئارەقەی شەرمەزاری لە نێوچەوانم دەڕژێ
لە بری هەر هەمووان شەرم دامدەگرێ،
کە چوار پەلم بەگژیەکدا هەڵدەشاخێ
دێنەوە یادم باڵای بەرزی خیانەتی کۆن و نوێ
کە تارا، بە هەستی دڵ
دەژەنێ ئاوازێ بۆ ماتەمێ
بە کوڵ ناخ و دەروونم بۆی دەهەژێ
لە ئاسمان خوێن و لە زەمین گڕ دەبارێ
تارای بووکی یەکشەوەش
لە سوورەوە ڕەش هەڵدەگەڕێ،

کاتێ لووتکەی چیاکان
ڕوو بەڕوو دەبن لە شەڕێکی خۆکوژیدا
دۆڵێکی نغرۆ و لێوانلێو
لە جۆگەلەی خوێن هەڵدێنجن
چرا و ئاواتی پیر و گەنجان خامۆش دەکەن
پێناسەکان ئاوەژوو، هیواکان بێ هیوا دەکەن.

# ڕۆژێ وەرە

ڕۆژێ وەرە، بە نێو شـــەپۆلی هەســـتمدا
گەشتێ بکە
تێـر بەنیگای چاوەکانت لە چاوانی پڕ ئـاواتم
سـەرنج بدە
ڕۆژێ وەرە جـەور و جـەفـای ســـاڵانی زووم
لەدڵ دەرکە
وەکو چرۆی تازە بەهار بە پایزی تەمەنمدا
گـوزەر بـکـە.

# لە ئێستادا

تاڵی قژم نابنە ژێ بۆ تاری ئاوازەکانم
نابیسرێ زەنگی ئازادی لەسەدای دەنگم
تاریک و لێڵە ئاوێنەی دیواری ژوورەکەم
زۆر مەخابن، تەریک و لێدراوە هەستم
لە ناو دڕکا بێ ناز و ڕەنگ و بۆیە گوڵم
یەخسیر و پەشۆکاوە ڕوخساری بێ ڕەنگم
بە زمانێکی کوردیی پاراو، زوو پێت گوتم
کە شەراب نیم تا کۆنتر بم، خۆشتر ببم.

# ژوان

**خۆزگە ژوانێک**
لە ئامێزی دەریا کۆی دەکردینەوە
وەک دوو باڵندەی ئاشق بەچارۆکەی بەلەمەکان
کۆچمان دەکرد، بەرەو کەنارە ئارامەکان،

**بریا یەکەم ژوانمان**
دەکردە چیرۆکی عیشقی دوو پەڵە هەور
بە سروە بایەک بەریەک بکەون و
چێژی ئەبەدی بنۆشن

**چاوەڕێی ژوانێکم**
بە هیوا و تاسەی ماچێکی حەرام
ببێتە یەکێک لە چیرۆکەکانی
هەزار و یەک شەوەی
شەهرەزاد بۆ شەهرەیارەکان،

**ئاخ بۆ ژوانێک**
پێکەنینە خەمبارەکەت بکا بە قاقا و
هەنسکی شەوانت ببێتە ئاوات و تاسە
ببێت بە هەتوان بۆ سارێژی
برینە کۆنەکان.



# ماسک

با ماسکەکانمان لادەین
پەردەی ترس بدڕێنین
با بۆ ساتێک خۆمان بین
ڕاستی وەک خۆی ببینین
چی ماوە لە دەستی دەین
لەوەی لە دەستمان داوە
وا خەریکە دەخنکێین
دەستیان لە بینمان ناوە
کەچی ڕوحمان هەر ماوە،

ماسک بە مانای ڕوو) ە
ڕوویەک لە ناز و فیزی
ڕوویەک لە تەڵەکەبازی
ڕوویەک بۆ خەڵەتاندن
ڕوویەکیش بۆ چاوبازی
دەک بە نەفرەت بی چەند ڕوو
ڕاستیت شاردەوە بە ڕوو) .

# من کەرکوک» یم

بۆ شکۆی شارە پڕ ئازارەکەم
شارە بێ ناز و خامۆشەکەم
ئامادەم لەبری مۆم،
پەنجەکانم داگیرسێنم
بە بڵێسەی بابەگوڕگوڕ
گڕ لە چاوانم بەردەم
من دڵی کوردستانم،
ئارەبخام، تاقانەکەی کوردانم
لە ئاست دوژمن پڕ لە گڕم
لەمەیدان وەک شێری دڕم
سەرشۆڕ ناکەم بۆ دوژمنم
پێشمەرگەیەکی خوێن گەرمم
هەردەم ئامادە و چەک لە شانم
لە وێنەی لەیلا» ی گەرمیانم
تا مردن بۆ ئازادی دەجەنگم
ڕوح لە سەردەست، گیانفیدا و خۆبەخشم
من ڕۆڵەی شاری کەرکووک»م
ناسرەوم و نابەزم
بە مەرگیش بێت قەت کۆڵنادەم.

# من پێشمەرگەم

وڵاتەکەم
سوێند بە جوانی و پیرۆزی ناوت
بە خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەکانت
بەگیان بەخشین
سنووری بێ سنوورت دەپارێزم،
برای پێشمەرگەم
پێم خۆشە هاوسەنگەرت بم
وەکو تۆ تفەنگ لەشان بم
نەک تەنها دایک و خوشکت بم
ئاواتمە گیانبەخش بم
منیش وەک تۆ چەک بەدەست بم
لەبری هەموو ژنانی کورد داعش کوژبم
بەتیغ و نوکی پێنوسم ڕیسوایان کەم
بۆ تۆڵە سەندنەوە شەڕڤانێکی بە وورە بم
گەریلا بمYPJ، بم، چەک لە شان بم
لەسەنگەردا پڕ بە گەروو هاواربکەم
من پێشمەرگەم.

# شەڕ ڕاگرن

شەڕی مەرگاوی ڕاگرن
شیرین خەوی زارۆکانم مەزڕێنن
گوڵ و خونچە مەژاکێنن
شلکە نەمام مەشکێنن
گەر کەرکووک ناکەنە کوردستانی
مەیکەن بە هیرۆشیماو
تەڕو ووشک مەسووتێنن.

# نیشتمانم

لەوەتەی هەم، وەک دار بەڕوو
بەخاکی زاموا داکوتراوم
ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکم
بژێو و سوتووی نیشتمانم
لەوەتەی هەم، هەنگی گوڵم
تامەزرۆی شیرینییە
لەوەتەی هەم،
خاڵخاڵۆکەی باڵ نەخشینم
باڵەفڕێی بۆ بەرزییە
لەهەر چوار پارچەی کوردستان
ئاڵاکەم هێمای ئازادیە.

# بەم پایزە

بەم پایزە،
دووریی ئێوەی ئازیزانم
ڕووەو هەندەرانی هێنام
خەزان هەڵوەدای ژانیەتی
باسی هەڵوەرینم بۆ دەکات
کەشتیم کەناری ئارامی لێ ونبووە
لەسەروو هەورەسپی پۆشەکانەوە
گوێم لە خشپەی گەڵاکان بوو
زەوییان ماچ دەکرد و
تارای بووکی پایزیان دەڕازاندەوە
ئەمڕۆ .. ئەمڕۆ پڕ بە دڵ
پایزم گرتە باوەش
کە بە ئێوەی شادکردمەوە.

# ژنانی شارەکەم

کە ئێوە کۆدەبنەوە
هێمنی دەهەژێنن
گۆمی بێدەنگی دەشڵەقێنن
پەچەی شەرم دادەنێن
خۆری ڕاستی وەدەردەخەن
وتی وتی و عەیبە،
بۆ ئەودیو سنوور ڕاودەنێن
ئای کە جوانن ژنەکانی شارەکەم
ڕەنگدانەوەی هەموو ژنێکی بەجەرگن
وێنەی ژنی چاونەترس و نەبەردن
دڵسۆز بۆ خاک و نیشتیمان
وەک پەڕی گوڵ بێگەردن.

# گەر دەتەوێ

گەر دەتەوێ ببمە ئاواز و
وشەی هۆنراوەکانت،
شیتاڵ شیتاڵم کەرەوە
هەڵموەشێنەوە
بۆ مناڵیم بەرەوە،
بەشێنەیی سەرلەنوێ بمنووسەوە.

# ئاوارەیی ڕوح لە نیشتیمان

**دەستێک بنێ بە ڕوحمەوە**
ئەوەتا نیشتمان لەبەر سوێی برین و ئازارەکان
بە بێدەنگی ناڵەو هاواریەتی
ڕوحە ماندوەکان لەم هەسارە گەورەیەدا
زۆر بێ نەوا و بێ ئارامن،
**دەستێک بنێ بەڕوحمەوە**
تا شکستە نەبڕاوەکان کۆکەمەوە
لە قەراخ ڕووبارێک هەڵیانڕژم
نەک هەر تلاوتلی شەپۆل بیانبات
با زریان تەفرو تونایانکات،

**دەستێک بنێ بە ڕوحمەوە**
ئەی فریادڕەس، بە هانامەوە وەرە
لەترس و دڵەڕاوکێی ئەم بوونە دژوارە
ئاواتی خەفەکراوی ناخم تەی بکە و
بەدەم ڕێگاوە لەگەڵ هەنگاو بە بای بدە،

دە وەرە و دەستێک بنێ بەڕوحمەوە

جارێکی تر، ئومێدە سەر بڕاوەکانی دەروون

بەشیتاڵی لەسەر گوفەکی مێژوو فڕێبدە،

ئەم ڕوحەم، لەڕوحی ڕەوانشادان بترازێنە
تا سەرلەنوێ بەنیشتیمانی ببەخشمەوە.

# عیشق و ئازادی

ئەو کاتانەی ئازادانە
بە کراسێکی ئاڵ و واڵا و
سەرنج ڕاکێشی گوڵ گوڵی
یان وەک هیپییەکان
پانتۆڵێکی ئەژنۆدڕاو لەپێکراو
شان دادەچەقێنین،
شووشەیەک شەراب بەدەستەوە دەگرین
بەشەقامەکاندا گوزەر دەکەین
شیعر بۆ ڕێبواران دەڵێین
لەوێ وشەکان و جوانییەکان
ئازادانە هەڵدەفڕن
کێ گوێگرە، کێ ڕاگوزەرە
کێ بەعیشقەوە سەرسامە
کێ وێنە دەگرێ
کێ ژیرە، کێ نەفامە
ئازادی وەک عەقڵ بەهادارە
بۆ ئازادی ڕوح هەڵمژین

چێژ لەتاڵییەکان دەبینین
چێژ لە دوکەڵی جگەرە کێشێک بەخەیاڵەوە
چێژ لە ماچێکی چۆلەکەیی دوو عاشق
چێژ لەوێنەی سەر ڕۆژنامەکەی دەستم
چێژ لە قومێک شەراب بەدەم ڕێگاوە
چێژ لەباوەشێکی بێگەردی ڕێبوارێک
شاتس* ئەزیزەکەم
لەسوچێک دانیشتن، بێ سانسۆر پشودان
گوێگرتن لە میوزیک ژەنێکی دێوەڕە
ئای لە ئازادی
کە ڕوح تامەزرۆیەتی.

* شاتس «SCHATZ» وشەیەکی ئەڵمانیە بە مانای بەهادارەکەم.

# سکاڵا

پایز هات و گەڵای درەختی وەراند
لێ جوانیی گەڵاکان
زەوییان ئەفسووناوی نەخشاند
گەر خەڵاتی زەوی ماچێکی تۆ بوایە
ژەهراوی تەمەنم دەنۆشی
ئاخۆ چەند تەمەنم گەرەک بوو باست بکەم
هێندەی تریشم دەوێ بۆ تۆ بژیم
گەڵایەک،

ئەم پایزە وەک درەخت، ڕووت بوومەوە
ژانی هەڵوەرین گرتمی
وشکە گەڵا وەریوەکانم
لە هەڵبەز و دابەزی خەزان بوون
نازانم کەی جارێکیتر خۆم بۆ تۆ دەڕازێنمەوە
تۆ بڵێیت بە بەهار بگەمەوە؟
دارێک،

# چوارینەکان

١

ئاگاداربووم لە زوو، لەکورد کوژیی ساڵانی پێشوو
گەلێکم بیستبوو لە ناپاکی و خۆفرۆشیی ڕابردوو
بەڵام هەرگیز نەم دەزانی هێندە تاڵ و بەسوێیە
قەت نەم دیبوو گەمژەیی دووبارەبوونەوەی مێژوو.

٢

ژیان یاریە بە دەستی مێزەر بەسەر
لە هەرێمی ژێر دەستی قەزا و قەدەر
با لوولی دەین، نەیهێڵین حوکمی بێدادی
یاخیبین هاوارکەین پێنووس بخەینە گەڕ.

٣

هەستم، گـویّ بۆ دەنگی ناخـم ڕادەدێریّ
بێگومان، حەزو ئارەزووی خۆم پیّ دەڵیّ
کەمن سەرقافڵەی عاشقانی غوربەت بم
سـەرمەسـتم، بادەو شـەرابی تۆم دەویّ.

٤

کـە دەهرێکە تینـووی مـاچێـکی حـەرامم
لە ترســی ڕەقــیبان وا بێدەنگ و داماوم
بۆچ دەبیّ بێبەش بم لەو حـەرامە ئەمن؟
کە تەنیا چێـژی عیشـق و ئەوینە مەرامم.

٥

بەرتیری عیشقی تۆ کەوتووم، من عاشقم
نامـۆم مەکەن لە زێدو نیشـتیمانی خۆم
لەوڵاتان بابایەکی گەڕیدە دەگرنە ئامێز
بەندە، عیشــقی تۆم کردۆتە نیشتیمانم.

٦

هەموو گیرۆدەی ژیانین، ژیانیش پڕ ئاهو حەسـرەت
هەموو عەوداڵی ئەوینــین، ئەوینیش لێمان بیّ منەت
مەرگ بانگکەن نەجاتیدا ڕوح و گیانی دیل و ماندوو
تا ئەبەد بحەسـێتەوە جەسـتەی پڕ ئازار و شـەکـەت.

٧

دڵ مەیلی بینینت دەکا چاو مەیلی نیگات
کەوتمە گەڕان بۆ حاڵیبوون لە هەواڵت
ئاوڕێکت تەمەنێکە بۆ منی دوور و غەریب
چی دەبێ بێ سواڵکردن بکەی بەیانی حاڵت؟

٨

چی هەیە لەو هەستە خۆشتر و ئارامتر کە من مەستم
دە پێم بڵێ چۆن بتوانم، عاشقت نەبم و نەتپەرستم
تۆیەک پڕ بە سەوزی باخ و شینی ئاسمان لە ژینم بی،
چۆن دەتوانم لێرەوە، نەتکەم بە قیبلەگاهی هەستم.

٩

کە ڕوانیم بۆ سیمای گەرم و بە جۆشت
بەدیم کرد جوانی ناخی بێ خەوشت
تەمەن چیە هەمووی سێ و دوو ڕۆژێکە
بەیانیکە چی هەیە لەدڵەی بەپەرۆشت.

# ژنبـوون *

ژنێک لە ڕۆچوونی خەزانیدا،
بەڕوانینی قووڵی
چاو دەبڕێتە کەشکەڵانی ئاسمان
نزای پاکیزەییی ژنان بەیان دەکا
بە هاوار و ناڵەی, بەردەکانیش شەق پێدەبا
دەچێتە بەر عەرشی خودا، بێ سکاڵا دەڵێ،
خودایە،  داوای چیم لێ دەکەیت؟
گشت تووڕەییەکانی بەناسکیی و ئارامیی
ژنبوونییەوە لەزەردەخەنەیەکدا دەڕەوێنێتەوە،

ژنێک بەم ڕۆژگارە، لەئەلفەوە تاکو یا
کوێرانە فەرمانی ژنبوون جێبەجێ دەکات
تەواوی نەهامەتییەکانی
لە نیگای چاوە گەش و هەنگوینییەکانی
کۆرپەکانیدا لەبیردەکات،

ژنێک بەعیشقەوە،

ژانی بەر لە منداڵبوونی دەگێڕێتەوە

لە مەکۆی ژانا، پیرۆزی دووگیانبوونی

بیردەکەوێتەوە

بۆ بەختەوەریی خێزانی

تاڵی و سوێری ژیان بەشیرینی تام دەکا

هاوارو ناڵەی ناخی، دەکات بە ئاوازی خەندە و ژیان

بە شێنەیی دەیژەنێت و دەیڵێتەوە،

ژنێک ساڵەهای ساڵە،

لەبەر پەنجەرەی چاوەڕوانیدا

گۆرانییەکانی گەردەلوول و

وڕێنەکانی با و خەونە شەونمیەکانی

خاڵخاڵۆکەیەک دەنووسێتەوە

وەک زوڵەیخا کوێرایی دادێ بۆ عیشق

هەتا مردن لە کوانووی دڵییەوە

گۆرانیی بۆ دەڵێتەوە،

ژنێکی ئاوی، لەڕەنگی باران
بە دەم شانەکردنی تاڵ بەتاڵی قژی
چیرۆکەکانی بەرئاگردان
بۆ گوڵ و پەروانەکان دەگێڕێتەوە
پەپوولە ئاسا هەڵدەفرێت
بە جوانی و نەشمیلەیی
ژیان بە باڵای گوڵدا دەکات،

ژنێکی عاشق، شیعر سیمفۆنیایە بۆ هەستی
عەشق شەرابە بۆ مەستیی چاوەکانی
هەموو شەوێک لەنێوان ژیان و عیشقدا
پێکێک مەی دەنۆشێ
لەنێو تەم و ڕەشەبای بووندا
دووبارە سەرهەڵدەبڕێ و
گۆرانی بۆ عیشقێکی ئەبەدی دەچڕێت

ژنێکی ژەنیار، بە دەم زامەوە
بە کەمانچەیەکی بێ ژێ و تەونێکی جاڵجاڵۆکەیی
وەک خەونە مۆسیقیەکان خەم دەهۆنێتەوە

گوێبیستی چەپکە  پێکەنینێکی ئاڵۆزە
وەک نیشتنەوەی هەڵۆ لەبەرزاییەکانەوە
بۆ سەر نێچیرێکی ماندوو و شەکەت
بەردەوام دەخولێتەوە
ڕەنگەکانی شەبەنگ و پرشنگی خۆر،
دەکا بەکەزی و دەیهۆنێتەوە
هەناسەکانی گڕی ماچێکی ئەفسووناوین
لە ئاوێنە تەماوییەکاندا دەشکێنەوە،

ژنێک، چاوەڕوانە بە باڵی شیعر بفڕێ
لەباتی با،  ببێتە سەمایەکی بەهاری
لە کێڵگە و بێستانەکانی ئەزەل
دەستی سروە) ی بەیان بەرنادا
گیرۆدەی یارییەکانی قەدەرە
جەستەی سپییە وەک شووشەی بلووریی و
ڕووخساری خواوەندە نەبووەکان
بە قژێکی ئاوریشمی بۆنخۆشەوە،



بە میهری دایکە تێرێزا، و جوانی ڤینۆس، و
ئارامی نیگای مۆنالیزا، و
فەلسەفەی سیمۆن دیبوڤوار،
بە بیرۆکەی غاندی، و ئەرستۆ، و بوودا،
جاڕنامەیەکی بە خورپە بۆ خۆشەویستی و
مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنێ
هەموو دەستووری حەموڕابی، و
جوانیەکانی عەدەن، و مافەکانی ژیان
بۆ مرۆڤبوون دەنووسێتەوە،

ژنێک لە جێژوان، هەور دەگرێتە باوەش
بێگومانە لە بەهەشتە ڕازاوەکەی دەوروبەری
نهێنیەکانی دەروونی هەستێکی قووڵن
بێ شەن و کەو بەبایان دەکات
تیشکی ڕۆژ و تریفەی مانگەشەو
ئاوێنەی ڕووسورییەتی
لە بەرزیدا بەسەر کێوەکانی قەندیل و زامۆوە
سروودەکانی ماد، بۆ نەوەی داهاتوو دەڵێتەوە،

ژنێک وەک ئەستێرە، دەدرەوشێتەوە و
تروسکاییەک لەدووری هەزاران میل پەرت دەکا
دەستێکی بەباڵای هیواوە گرتووەو
دەستەکەی تری مەشخەڵێک
چاک دەزانێ ڕابوون و فڕین لەخەسڵەتی مرۆڤن
گەر بەویستی خۆی بژی، ژن کێو دەهەژێنێ،

ژنێک زۆر بە میهرەبانی و هێمنی
لەبەرخۆیەوە ورتەی لێوە دێ،
دەبێ کەی ئەو ڕۆژە بێ، لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا
ئەندێشەو خەمەکانیش ئاوابن و کۆتاییان بێ.

* لە ڤیستیڤاڵی گەلاویژ خوێندراوەتەوە.



# پۆستەرە شیعر

خۆشم دەوێی
دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی
هەموو ساتەکانی
بێ تۆیی و تەنیاییم دەسڕمەوە،

گوڵدانی ژوور فەرامۆش ناکەم
هەموو ڕۆژێک ئاوی دەدەم
بە هیوای چرۆی تازەم،

مەلی خەیاڵم بەرزەفڕە
چەن مۆمێک دادەگیرسێنم
کاتژمێرەکەم دەوەستێنم،
ئەسرین لە چاو وشک دەکەم
زمانی شیعر بە گۆ دەخەم
دەم پڕ لە شیلەی ماچ دەکەم،

چاوەڕێی هاتنەوەت دەکەم
قاوەی تاڵ بەدیدارت شیرین دەکەم
لەسەر جۆلانەی تەنیایی چاوەڕێتم،

شەقامەکان، جێپێیەکانم هەڵدەگرن
بەرەو لای تۆ هەنگاو دەنێن،
تاریکیی شەو ڕاو دەنێن،

چرای دڵم داگیرسێنە
ڕوحم پڕ عیشق و ئەوینە
چاوەڕێتم ئاگردانم خامۆشە،

لە سەهۆڵبەندانی ڕوحدا،  گینگڵ دەدەم
نوقمی سەراب) ە هەست و ناخم
تا ترۆپکی بێزاری بیرت ئەکەم،

لەگەڵ شەپۆلە شێتەکانی دەریا وەرەوە
لە ئێوارەیەکی سارد و سڕدا
خۆت بکە بەماڵی تەنیایی دڵدا،

من پایزم خۆشدەوێ
لە دڵی خەزاندا عیشقم چرۆ دەکا
گوڵی پایز پیرۆز دەکا،

لە یەکەم پەڕی ژین خۆشم ویستی
ئێستاش بەردەوام ڕۆژانە
پەڕێک هەڵدەدەمەوە و دەنووسم
خۆشم دەوێی.




# بیابانی لم و ئەنفال

من ئەو کوردەم لە شاخ و کێو هەڵنەدێرام
لە چیاکانی کوردستان پێم نەوێران
وەک وەیشومەی قەدەر بە زیلی نەفرەتی
ڕاپێچی بیابانتان کردم
بەرەو چۆڵی عەرعەر و روتبە و رومادی
چاڵی مەرگتان پێ هەڵکۆڵیم
لمی بیابانتان پێ شەن و کەو کردم
ئەهریمەنی سەدەی بیست و یەک بوون
بۆ زیندەبەچاڵی کۆرپە و گەنج و پیر بوون
لە بیابانی کاکی بە کاکی
دەستتان بەستم .. دەمتان گرتم
نە یەک نە سەد، بە هەزارانتان لێ کوشتم
بێ مروەتی قەدەر نەبوو
دەستی چەپەڵی بەدکار و
دوژمنی سەرسەختی کوردبوو
بێ بەزەییانە گەشتە من،
چاوەکانتان پڕ لم کردم
نەبادا هەڵۆ ئاسا
تیژ بڕوانمە چاوی بێویژدانیتان
دەمتان پڕ خۆڵی سارا کردم
نەبادا قیژە و نەعرەتەم



بگا بە عەرشی خواوەند و
لە خەوی خۆش بە ئاگابێ و
ببێتە شاهێدی مەرگم،
منم ئێسکە پەیکەری کەللەسەر و
جەمەدانیی بەجێماوی
ناو چاڵە پڕ ئاهو حەسرەتەکان
منم لاگیرەی گوڵینگە و کراسی گوڵگوڵی
ژنە گەرمێنی پڕ ئاوات
منم تاکە پێڵاوی بەجێماو و
بووکەڵە و یاری دەستی مناڵی زیندە بەچاڵ
منم نزا و منم دوعا و پاڕانەوەی
مێرد منداڵی پڕ لە خەیاڵ
دەبوو گشت کورد تێگەشتبا و بیزانیبا
لە خوێندنەوەی قورئاندا
کە گەیشتە سورەتی ئەنفال،
بێ سڵکردنەوە و بێ گومان
هەڵوەستەیەک لەکوردبوون و موسڵمانیەتی خۆی بکا
ئینجا نەفرەت لە عەرەبی شۆفینی و
لە ئاینی بیابان بکا،
نەفرەت لە زیندەبەچاڵ
نەفرەت لە ئەنفال بکا،
هەر گۆڕێکی ئەم بیابانە
چەندین سەربردەی نەزۆک و

دەیان عیشقی ناکامی لێیە
بە سەدان چیرۆکی نەبڕاوەی پێیە
خوێنی هەزاران کوێستانی لەوێ ڕژا
کەچی بیابان نەبووە کوێستان
دار بەڕو و دار گوێزەکان
لەخۆرەتاوی بیاباندا
گڕیان گرت و بوونە سووتوو
بە قامکەکان و لقەکانی دەست و پێیان
داهۆڵیان لە بیاباندا داکوتا
هەر داهۆڵە و
کەللە سەری کەس وکاری بێ سەرو شوێنیان
پێدا هەڵواسرا
کۆڵوانەی پورە هەمین و باجی خونچەیان لەبەرکرا
نەبادا کوندەپەپوەکان بترسن لە سێبەری داهۆڵەکان
کەچی بیابان، هەر نەبووە کوێستان
بەم هەموو خوێنەش ئاودرا
هەر وشکایی بەدی دەکرا
ئەنفال .. ئەنفال .. ئەنفال
چ پلانێکی داڕێژراو بوو
کە مەرگ بۆ کورد خەرمان بوو
چ یاسایەکی یاساغەکانی سەردەم بوو
کۆمەڵکوژی کوردی ئاوا پێ ڕەوا بوو
تا ئەمڕۆشی لە گەڵدابێ، بێ وەڵام بوو.


عومەر سەرابی

# سروەی بەیان

سروەم لە ئارامی و سامالی شەو هەلێنجاوە بۆ سبەینێ

سروەیەک بەیانیان بۆنی مێخەکی بەرۆکی دایکمم بۆ بێنێ

چەپکێ نێرگز و ڕەیحانەڕەشە لە گوڵزاری فیردەوس بێنێ

سروەیەک خۆشەویستی و ئەوین بۆ دڵداران بخوێنێ

سروەیەک بێگەردترین هەناسە و قووڵترین هەستی تۆ بێنێ

سروەیەک بە شێنەیی لاییا پوش پەڵاشی وشکی عەیامێ

سروەیەک دایماڵێ چرچ و لۆچی ڕوخسارو سیمای تەمەنێ

سروەی بەیانێک بانگی ئازادی بە گوێی عاشقان بچڕێ

سروەیەک بە هێمنی بە سەر گەڵای درەختدا بشنێتەوە


سروەی بەیانێک گۆنای سووری گوڵان بەشەونم بشواتەوە

سروەیەک سەدای لەچیای سەرکەشی سەفین دەنگبداتەوە.

# ئاهو ناڵە

گریانێک قوڕگی گرتووم
فرمێسکەکانم بێدەنگی دەشکێنن
دەمگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکان
ناونیشانی خەندەکان نادۆزمەوە
خەمگینی پێم پێدەکەنێ
ژیان وەک ڕەشەبایەک
چڵی مەزنترین خۆزگەم دەڕفێنێ
دڵ کە جێگایەکی نەماوە
شکان گورزی لێ نەدابێ
ئەوە مەرگە و شالاّو دێنێ،
تەرمەکەم ببەخشن بەدەریا
با دەریاش دڵتەنگیم بچێژێ
شیعرەکان و نامەکان بۆ بێ وەلاّمی دەنێرم
ژوورەکەم بەم تەنیاییە کوشندەیە دەبەخشم
بمبوورن کە پەیامی ئەمڕۆ و
زۆرینەی ڕۆژەکانی داهاتووم، شادیهێنەرنین

لێم گەڕێن بەشێنەیی سەربنێمەوە
نیگاکانی دەریا و مانگ بدوێنم
لەگەڵ مەرگدا بچمە ژووان و
ڕێسای جوانی ئەوینی بۆ بکەم
ئێوەش ئەی گوناهەکانی شیعر بمبەخشن
لە وەستانم لە دوا دێڕی بوون
کە دوا نامەی ئەستێرەیە بۆ تاریکی،
غەریبم بۆ ئێوە دۆستان
سەرگەردانی ڕۆژانی پڕاو پڕ لەعیشقم
ڕوحیشم بۆ ڕۆژە بێنازەکانی تەمەن
ماڵئاوا ئەستێرەی کڵۆڵی بەختم.



# خۆشترین کاتمان ئەو کاتە بوو

هەڵمگرە لە کەشکۆڵی یادگاریەکان
پێکەنینەکانم بنووسەوە.
ئەوکاتانەی بە قاقاوە بەسەر شوورەی
باخەکەی سەرووی ماڵمان هەڵدەگەڕاین
گەردنی خەیاڵەکانمان وەک قەڵا بەرزبوو
دنیامان لە ژێر پێ نابوو
ئەو کاتەی دار تووەکەمان دەتەکاند
دەستەکانمان لێ پڕ دەکرد
خۆشترین چێژ ئەو کاتەبوو،

هەڵمگرە لەنێو بیرەوەریەکان
گریانەکان لە بیرکە
مناڵیی خۆمم پێ ژێر ناکرێتەوە
فرمێسکم پەڕی یادگاریەکان تەڕ دەکات
کاتێ کە لێومان بە جامە فافۆنەکەوە دەنا
وەک شەڕابی ژیان نۆشمان دەکرد
کوپە گڵێنەکەمان بە ماچ پیرۆز دەکرد
گریانمان بە قاقا دەگۆڕیەوە
خۆشترین کاتمان ئەو کاتەبوو.

# شکانی تابووەکان

کەی بێ تابووەکان بشکێن
قسەکان کوفر نەبن
من نەوەی ئادەم و حەوام
من سروشتی یەقینم
زۆر بەسادەیی هەقبێژم
دەقێکی تابووکراوم
نە دەخوێندرێمەوە، نە دەناسرێم
لێرە تابووەکان ڕەجم دەکرێن
چوون هەقبێژن
فەرمانی تابوو دەبێژن
ئای لە گەڕانەوەی ئادەم و حەوا،
بۆ گێڕانەوەی تابووەکان، بۆ ژیان و بوون
تابوویەک، تۆبەی مەرگی کرد
تابوویەک، کوفرو ئیلحادی پیرۆز کرد
تابوویەک، خودا پەرستیی تابوو کرد
منێک، هەموو تابووەکانم پیرۆز کرد.

# کۆڵوانەی بینایی

بینایی تا بەردەرگای ماڵە
هەستێکی تێکەڵاوە
من تەنها سێبەری قەدەرم بۆ خۆم
لەوانەیە بەچاوتروکانێک
وەک سێبەر ونبم،
گەر زانیم سێبەرێکی قورسم
خۆم خۆم دەسڕمەوە
ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆم بکەم
دوور ناکەومەوە
بەڵام زمان، زمانی خۆمە
بۆم هەیە بیبڕم و
چزەش لەدڵ و هەستی خۆم هەستێنم
لێ هێشتا، ئومێدی گێڕانەوەی ژیانم هەیە
بە زمان و شێوەزارێکی تر
بەسەرهاتەکەم بگێڕمەوە
کۆڵوانەیەکم لە کۆڵە
بەردەوام بانگ بەگوێمدا دەدات

لە گریان و پێکەنین دەگەم
من تەنها جەستەیەکی سڕ و تاک وتەرا نیم
بەڵکو وەک ئەو ڕوحانەم و
بەدرێژایی تەمەن جەستەی ترم کۆڵکردووە
بوونەتە مەڵۆ و پڵپڵەی کۆڵوانەکەم
ناشتوانم باسیان بکەم
ئەرکێکیان بەسەرداداوم
هەرگیز خۆم نەبم
ئەوەتا خۆمم بیرچۆتەوە
تەنها بەزمانی کۆڵوانەکەم دەدوێم
کەوابوو من سێبەرم ..!

# سەفین

وشەی نهێنی ئەمجارەمان ( سەفین ) ە

با شەوگار درێژتر بێت
سەرم سوڕماوە لەم هەموو بێدەنگیە
لە دواندنی بەرد، شەڕ لەگەڵ چارەنوس
خۆخواردنەوەی ناخ
مێژوومان پڕ کارەساتی دڵتەزێنە
چۆن دەردەسەری مرۆڤ
لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد
کەپێی نایە سەر زەوی،
من و تۆش هەین
تا بەردەکان بدوێنین
جەنگ، لێک نەگەشتنی بەردەکانە
هەموو شەوێک خەو دەبینم
یان ئەوەتا کەلەپچە لە دەستم
یان ئەوەتا لەگەڵ بەرد دا شەڕ دەکەم

وشەی نهێنی نێوانمان زۆر بەرز و پیرۆزە
لەگەڵ خوێندا تێکەڵ بووە
بارتەقای دووری، نزیکترە لە ڕوح و گیان
با شەوگار درێژتر بێت
تا زیاتر گوێم لە وشەی نهێنی نێوانمان بێت
نامەوێ خەو پێڵوەکانم داخا
وردە یادەوەریەکانتم لە سۆمای چاوانمدا،
حەشارداوە
لە ترسی دڕەندەکانی ئەمڕۆ
لە ترسی بێ بەزەییەکانی دوێنێی شاخ
کە هەزارانی وەک ئێمەیان کردە قوربانی
با شەوگار درێژتر بێت
تا منیش یادەوەریەکان بهۆنمەوە
کە لە شاخ ڕوحیان زیندانی کردی
لە شاریش جەستەیان قوربانی کردی
ئاااااااااااااااخ
چەندە بەسوێن یادەوەریەکان
با شەوگار درێژتر بێت
کە گوێیەکانم دەزرینگێنەوە بە وتەکانت
بۆ ئازادی و خۆبەختکردن

مۆنیکا و کۆشک و تەلاریان دێنە پێش چاو
حەزەکانت بەسەر کڵاشی ژێرپەڕۆو
پێڵاوی ڕەشی بریقەداریان دەبینم

با شەوگار درێژتر بێت
تا ئەو ڕۆژەی ڕیسوابوونیان
بە دیەی خۆم نەبینم
دەرگای زیندانی نەستم بۆ هیچ کەسێ ناکەمەوە
با نەترسن لەنهێنیەکانی دڵم
با نەترسن لە جەستەی سارد و سڕم
لەخامەی بەجۆش و گەرم و گوڕم

با شەوگار درێژتر بێت
ئێستاش واقم وڕماوە لەم بێدەنگیە
بەتاسەوە چاوەڕێی سروشێکم
بێهودەییەکانی ژیانی لێ بەتاڵکەمەوە
کە تەنها هێمایەک بەسە بۆ ئێمەی تینووی ڕاستی
سەفین لەنێوان دوێنێی پڕ ئازار و
ئەمڕۆی پڕ هیوام بەبوونت،
شەوگارم لە یەڵدا درێژ و درێژتر دەکات .



# مۆم

ئێرە لە شەقامێکی ئەو دۆزەخە دەچێت
بوونی نییە
ئێرە ئەو لێژییەیە
یادگاریەکانی پێدا شۆڕبۆتەوە
لێرەدا پارچە شکاوەکانی ئێمە
بووە بە خاشاکی زەوی
لەشووشەی شکاو بەسوێتر دڵ بریندار دەکا
لێک نەگەشتنی مرۆیەکان
لەجەنگی بێهودەیی دەچێت
چی باسکەم، چی هەڵڕێژم
حەز و تاسە و ماچ و باوەش و
دەسلەملانێی خەفەکراومان
یان ئومێدی پەسێردراوی بەجێهاو لە دڵمان
یان نیگای پڕ ئەسرینی قەتیسمان
یان بە هەزاران
ورتە و سرتەی نەوتراوی لەگەروو خنکاومان
جیهان بووە بە گۆڕستانێکی بچووک

گشت حەز و پێکەنین و ئاواتەکانی
لە تابوتێکدا کۆکردۆتەوە و ناشتویەتی
ئێمەش لەگەڕاندایین
بەدوای بوونێک لە ژینێکی مردوو
هێندە تەنیا و  هێندە چۆڵین.
وەکو مۆم ڕۆژانە
بەدیار خەیاڵی ئاواتەکان دەتوێینەوە
لە بێکەسی گوێمان لەسەدای هاواری خۆمانە
دەنگ دەدەینەوە
تەنها گوێمان لە سەدای خۆمانە
ئێمە هەین، ئەوە ئێمەین، ئێمەین، ئێمە .

# نەورۆز

بە هیوابووم نەورۆزی ئەمساڵ بەهارێکی تەڕ بێنێ
لێزمە بـــارانی خۆشـــەویســتی و عیـشــق داباڕێنێ
مۆمی چرای ژووری تاریکی دڵ و دیەم داگـیرسـێنێ
مژدەی پشـکوتنی خونـچە بە پـەروانـە ڕاگـەیـەنێ
بۆن و بەرامەی ڕەیحانە و بـەیـبوون و نێـرگز بهێنێ
نەورۆزم خەونێـک بێـت، بە بـاڵای بـەرزی ئاواتەکان
ساتی چرکـاندنی وێـنـەیەک بـێت لە وەســتانی ژیان
هیوای هاتنی ڕۆژێکی نوێ بـێت لە مێژووی کوردان.

# فەنابوون

کەدەریا زویر بوو
شەپۆلەکان مان دەگرن
ئیتر جێی ئاو نابێتەوە
لە چاوەڕوانی هێمنی و بێداریدا،

کە ڕوحی دار گڕ دەگرێ
زمان و قەڵەم دەسووتێ
بە تەنیشت نێڵەی ئاگرەوە
وەک چیلکە و چەواڵی هەڵتۆقیوی لێدێ،

کەڕۆشنایی بار دەکا و سەرهەڵدەگرێ
ئەو کاتەی هەستە ناسکەکان ئەنفال دەکرێ
حەزێک بە دەم ئێوارەوە جێ دەمێنێ
بەو هیوایەی کازێوە بۆی پێبکەنێ.

# هەولێرەکەم

هەولێرەکەم
لە پێدەشت و بناری کەژو کێوت
پڕ بووم لە مەستی عیشقت
وەک گەشتەکەی ماجەلان،
بۆ دۆزینەوەی کیشوەرێکی ئارام
گەشتێکم کرد
چیام دوواند
بەهەوری ڕەش دەور تەنراوبوو
چەندی کردم نەهاتە گۆ،
لە ڕێگا، گەڕام بیدوێنم
تراویلکە ئاسا، دوور دوور بوو،
هەرچی کردم پێی نەگەشتم
تاڤگەی گەلی عەلی بەگم خەمناک بینی
سپی سپی، شین و شەپۆڕی ئاوی بوو
نامۆیی دوڵ و هەردو پێدەشتم دی
ئەوە چی بوو، ئەوە چی بوو !
هەولێرەکەم
قەڵام بینی، بێشە و لانکەی بێگانە بوو
ڕۆڵەی خۆی تێیدا بزر بوو
شێخی چۆلی، ئەندێشە و سەرگوزەشتەی
منارە و حاجی لەقلەقەکەی
بۆ گەشتیاران باس دەکرد

شیرازەی کوردەواریم دی، لەو نێوەندەدا پسابوو
لە مابەینی  ئارکەداش، و ئاغاتی،
هەر هەمووی بەمن نامۆ بوو،
هەولێرەکەم
ژنم دوواند، بەژنی وەک چنار وابوو
پرچی وەک شۆڕەبی وشک هەڵاتوو
بە باڵای خەمدا ئاڵابوو
لە حەسرەتی ناخی پڕ ئەندێشەی
خۆی لە خمخانەی ڕەش نابوو
وەک گەڕیدەیەک بێ جێ و مەکان
هەر گەڕام، زۆر گەڕام
لە پەشێو و عەبدولخاڵق مەعروف و
مارف خەزنەداریش سۆراخم کردی
مەخابن هەر بێ وەڵام بووم
لە پیرۆزی یانزەی ئازاری کوردان گەڕام
چۆن سەردەمانێک زیندانی ئەو هیوایەبووم
تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ لەگەڕاندام،
هەر بەخەیاڵ دێتەوە یاد
ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری زوو
کەوتەوە بەرگوێم
هاوار و نەعرەتەی گەورە و بچووک
بۆ دەرەوە، بەعسیەکان، بێگانەکان
کورد کوژەکان
دێتەوە گوێم
**ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان.**

# بیری جاری جاران دەکەم

چی بنوسم، هەواڵی چی
نامۆم بە دیمەنی ناو شار
بە شەقام و باخچە و تەلار
**بیری جاری جاران دەکەم**
کە دیوارەکان لە قوڕبوون
پەردەی پەنجەرە ئەستوور و
ناو ماڵەکان گەرم و گوڕبوون
**بیری جاری جاران دەکەم**
ئاسمان شین و پڕ ئەستێرە
هەوا پاک و شەقام هێمن
دڵەکان وەک زەریای بێ بن
**بیری جاری جاران دەکەم**
هەر لە ئاڵ و واڵا پۆشی
لە شیعر و بادەی تەڕنۆشی
لە کۆڕ و بەزمی پڕ جۆشی
لە نەغمە و ئاوازی خۆشی
**بیری جاری جاران دەکەم**
لە سادەو ساکاریی ڕەفتار
لە قسە و باس و گوفتار
لە ڕۆژانی عاشقاتی شار

لە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار
**بیری جاری جاران دەکەم**
وەک منداڵ پاک و بێگەرد بووین
تێکڕا یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بووین
بە ئاگا بووین بە هەڵوێست بووین
هەموو بۆ یەک لە سەر پێ بووین
**بیری جاری جاران دەکەم**
کە دەبینم لە ناو شاردا
لە ژاوەژاو و هاواردا
بە درۆی زل و ماڵی وێران
بزر بووە ڕاستیی ژیان
**بیری جاری جاران دەکەم**
وەک خێزانێک پیر و گەنجمان
بە یەک ڕۆح و بە یەک گیان
هەموو پشت و پەنای یەک بووین
بۆ دوژمنمان لە سەنگەر بوین
**بیری جاری جاران دەکەم**
لەگەڵ هەموو تاڵی و سوێری
ڕۆژانی ژێر دەستیی دوژمن
پڕ لە هیوا و بە توانا بووین
بۆ خاک و گەلمان چرا بووین.

# هەشتی مارس و ژن

هەشتی مارسم بۆ چییە
کە گشت ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ژنبونم ئەنفال بێ
گەر تەنیا ڕۆژێک بۆ پێناسەی ژنبوونم بێ
دەبا ئەو ڕۆژەش هەر نغرۆ بێ
دیاری و گوڵەکان هەڵمەگرن بۆ هەشتی مارس
چی لەو یادە سوواوەکەم
کە من تێیدا مۆمیاکراوبم
کە هەمیشە بێبەش و لەبیرکراوبم
سەرجەم بەهارەکانی ژیانم
بەبەر بینایی تەمەنی پڕ سۆزی ژنبونمەوە
دێن و دەڕۆن
کەچی تۆ خەیاڵی ژنبوونی منت
بە حەزی پیاوبووونی خۆتدا بیردەکەوێتەوە
کە من لە هەموو ساتەکاندا هەر ژن بووم
تەنها لە چاوی پیاوبوونی تۆدا نا
مەخابن لەچاوی ئەوانەی برسین بە جەستەی من، نا
لە چاوی ئەوانەی ژنیان بۆ شەوێکی سوور دەوێت، نا

تۆ کەی وەک هەنگ ڕوانیتە گوڵ،
لەلانکی مێژووی ژنان
هەر ئەو رۆژە هەشتی مارسە بۆ من
ئەی پیاو، گومان لە هزری پیاوبوونی خۆتدا بسڕەوە
بە شانازییەوە من ژنم و هەر ژن دەبم
ئاخ گەر دەزانیت ژنبوون شانازیی سروشتمە
ئاخ گەر دەزانیت ژن خۆی جوانترین سروشتە
ئەو دەمە من وەک سپێدەی بەیان و
خۆشەویستەکەی جاران لێرە دەبم
هەم ژنە میهرەبانەکەم، هەم دایکە پڕ سۆزەکەم
تۆش بە سادەیی ژن لە من بڕوانە ئەی پیاوی هاوتام
کە من هەر لە بوونمەوە بۆ تۆی پیاو هێلانەم
هەمیشە وەک دوو بەهارم و هەر لێرەم
بە هێلانە و خۆشەویستی و باوەشەوە
«هەی ژین هەی ژین» ت بۆ دەڵێمەوە
ڕۆژەکانم  بە خێرایی دێن و دەچن
مانگەکان وەک تەلیسم بە بەرچاوم گوزەر دەکەن
گۆڕینی وەرزەکانیش بە داماڵینی بەرگەکانیان
هەست پێ دەکەم
کە هەشتی مارسیش بە ژنانە دێتەوە، من هەر ژنم

چاک دەزانمساڵێکی تر لە تەمەن و
لۆچێکی تر لە نێوچەوانم زیاد دەکەن
کەی هەست بە ژنبونم دەکەی؟
هەموو شەقام و کۆڵانەکان بۆ پیاسەیە
بۆ ئەو ڕەوایە و بۆ من نا
هەموو باخچە و پارکەکان بۆ حەسانەوەیە
بۆ ئەو ڕەوایە و بۆ من نا
هەموو چایخانە و قاوەخانەکان جێی کات بەسەربردنن
بۆ ئەو ڕەوایە و بۆ من نا،
کوشتن و بەرد باران بۆ من
ئازاردان و لێدان و سووتان خەڵاتە بۆ من
هەرچی لە ویژدان و مرۆڤایەتی
بە دووربوو، حەڵاڵە بۆ من
کە هەشتی مارسیش بە ژنانە دێتەوە
ئەو بەبیری دێتەوە یان
ڕاگەیاندنەکان وەبیری دەخەنەوە
کە من ژنم، کە من هەم!
بێ ئاگا لەوەی ساڵانێکە بە دووای
دۆزینەوەی ژنێتیمدا وێڵم،
دەمەوێ بە شیعر

سێبەرێک بۆ ژنە سووتاوەکانی
بەر گڕی دۆزەخ چێ بکەم
ببمە سایە و ژیانیان ئاسوودە کەم
فێرە یاخیبونیان بکەم
گوێیان پڕ بانگی ئازادی بکەم،
دەمەوێ ژنە سەرگەردانەکان
لە پێدەشتێک کۆکەمەوە و
ڕەشماڵێکیان بۆ هەڵدەم
بیانپارێزم لە زریانی بێ بەزەیی ئاسمان و
لە تۆفانی نەفرەتی ئاین و
لە چاوی پیسی کەمتیارە پاشوو نزمەکان
پەنایان دەم داڵدەیان دەم چارەنوسیان بۆ بگۆڕم،
ئەوە دیسان هەشتی مارس هاتەوە
چیتان هەیە بۆ ئێمەی ژن هەڵیڕێژن
دووبارە دەیڵێمەوە، ئەی پیاوی هاوتام
کەی ڕوانینت بۆ گشت ڕۆژەکانی پێکەوەبونمان
هەشتی مارس بوو
بێگومانبە من هەر لێرەم، من هەر ژنم
هەموو ڕۆژەکانی ژینت بۆ دەکەم بە مارس و
خۆشم دەوێیت بە هەموو بوونم.

# دژە شەپۆلم

دژە شەپۆلم
ئاو لە بەرد دەردەهێنم
گەر ڕێ پێدراوبم
مەحاڵ بە ڕاستی دەخولقێنم
بۆ دەبێ دوا مەنزڵگەی پاک و ڕاستگۆکان
کونجی بێدادی و بێنەوایی بێ
کە دەنگ و هاوار خنکابێ
ڕوو لە عەرشی کام خواوەندکەین
لە کام پەرستگا، کام کڵێسا
لە کام مزگەوتدا نزا کەین
مەبەستم بوو ببمە دەروێشی
خانەقای ڕاستی ژیان، تا حاڵ، بگرم
بە ڕووی نا عەدالەتیەکان
کەچی وتیان:
ماوتە لێدەی دەفی دەروێشانە
بڕۆ بۆ بارەگای خودا، چاک بڕوانە
دەبێ ئەمڕۆ عەرشی خودا لە هەڕاج بێ
بە ویستی بازرگانانی ئاین بێ

تەجاریش زەنگ لێدەر بێ
ڕەنگە هەندێ شیعری دەروێشانەش لە مەزاد بێ
هەر هەمووی سوێند خواردنە
بە تەورات بێ، بە ئینجیل بێ، بە قورئان بێ
هەموو خواوەندەکان مەستن
بە پێکی ئەهریمەنەکان لە مێزگردن
بە کوێری و کەڕی و لاڵی
خوانی مەرایی دەبەستن.

# بۆ دایکم

قەدەر وایکرد هەموو ڕۆژێ بە کـۆڵانی یـــادەکانت
گوزەربکەم
لەگەڵ درەخت و لاولاوی شـورەی ماڵە بێ نازەکەت
یادت بکەم
لەناو پەڕی بۆنداری گوڵەباخێکدا ڕوخساری جوانت
بەدیکەم
لە بۆنی گوڵە باخ و نێـرگز و بنەوشـــە و ڕەیحانەدا
بۆنت بکەم
هۆ دایە گیان، بە چ زمانێک پێـت بڵێم بـیرت دەکەم
بیرت دەکەم.

# سۆزێک بۆ دایکم

زستان بوو کە دایکم دوا کۆچ و ماڵئاوایی کرد
دار مێوەکەی نێو باخەکەی بۆ بەهارێ چرۆی نەکرد
درەختەکانی نێو باخچە خینجیلانەکەی بەریان نەگرت
زویربوون لە چەرخی ژیان کە هاوژینەکەی بابمی برد
وەکو ئەوەی داری زڕ بن، هەموو تێکڕا مانیان گرت
گوڵەباخ و شەتڵەکانیش تا ماوەیەک سەریان شۆڕ کرد
ئاسمان گریا .. بە خوڕ گریا
لافاوێ فرمێسکی بۆ ڕشت
ئەو کاتە بوو منداڵیی خۆمم لە دەستدا
کەسێ نەبوو وەکو دایکم
جگەر سووتاو، هەڵگری خەم و ئازار بێ
کۆشێ نەبوو سەری پێکەم نەرم و نیان
خەمخۆرم بێ، دایکی هەموو بێ دایکان بێ
ساڵ تێپەڕی و لەگەڵ مەرگ دەسەڵات نەبوو
تا پێت بڵێم، هۆ دایەگیان، زۆر بیرت دەکەم

# سۆزێک

گوێگرێکی دڵسۆزت بووم
بە بێدەنگی
زۆر بۆت گریام
تا ڕۆندک لەچاوما نەما
هاودەمت بووم
هاو ئازار و هاوخەمت بووم
تا ئەو کاتەی
هێزیش لەجەستەدا نەما
هاو سۆزت بووم، عاشقت بووم
تا دڵ هاواری لێ هەستا
لەپڕ وەستا،
تەنها فرمێسک و بێدەنگیم
گەواهی دەدەن بۆ هەستم
کە ئامادەم هەموو ساتێ
لە پێناوتا گیان ببەخشم.

# ژن، ژن، ژن

ورتەکانی هەژمارە
لە ئەفسانە کۆنەکان
بە ڕوخساری نادیارەوە
پیرۆزتر لە خوا و
کۆت و بەندی عەبدی خوا
لە قالبێکی مۆمیاکراودا
ناوزەدیان کردی بە ژن،
لە بەهەشتەکانی عەدەن
سوجدەیان بۆ بردی،
لە بیابانەکانی حیجاز
بە کۆیلەیان بردی،
هێڵێکی باریکتر لە پردی سیرات
بوو بە ڕێی خەباتت
ناسکتر بێت لە تاڵە زەردەکانی پرچت
لە دژە نیگای وەحشیەکانی مەملەکەت
بووی بەسووتوی عەدالەت
دایکان و خوشکان، ئەی ژنان
ئێوەن ژەمی گەرمی خوان
قوڵفەی زمانتان والاکەن
ڕۆڵەکانتان فێرە وانەی ئازادی کەن.

# پێی بڵێن



پێی بڵێن کە ئەو ژینمە
گەر بڕیار بێ، لە ژیاندا هاوەڵی بم
لەگەڵ ئەودا هەنگاو بنێم
من هاوڕێی ئەو ڕێگایەم،
پێی بڵێن کە ئەو دڵمە
گەر بڕیار بێ، بە تەنها بۆ ئەو بژیم
خاوەندارێتی دڵی کەم
من یەکەم عاشقی ئەوم،
پێی بڵێن ئەو هیوامە
گەر بڕیار بێ، بۆ بەدەسهێنانی ئەو
تا هەتایە خەو ببینم
من خەواڵوی ئەو هیوایەم.

# نیگا

لە چاوە کریستاڵیەکانی کچە گەریلایەک
بەرزی و سەرکەشی قەندیل دەبینم
لە چاوە گەرمەکانی کچانی ڕۆژهەڵات
جوانی و قەشەنگی مەهابادی دەبینم
لە چاوە تیژەکانی شەڕڤانانی ڕۆژئاوا
نیگای پڕ گڕو تینی کوردایەتی دەبینم
لەچاوە پڕ هیواکانی شێرە ژنانی باشوور
ئاواتی کوردستانی ئازادو سەربەخۆ دەبینم.

# وێڵبوون

لە دەروازەکانی مەملەکەتی
گومان و نەفرەتلێکراو
بە ئازارەکانی شەومان دەسپێرن
بۆ سپێدەش بە تەلبەندەکانی سنوور،
کە ڕۆژیش کەوتە تەوقی ئاسمان
وێڵی گەردوونمان دەکەن
لەگەڵ زەردەی ئێوارانیش
بە تاریکستانی مەملەکەتمان دەسپێرن
ئای لەم فەنابوونە، لەو بوونە
کەچی هەر تامەزرۆی ڕۆژێکی تازەی نا دیارین.

# تەنیاییت باش ئەزیزم

ئازیزەکەم
گشت دەرگا و دیوار و
ژوورەکانی ماڵەکەم
هاوارو ناڵەی تەنهاییان گرتۆتە ئامێز
ڕوح لە جەستە دابڕاو
بەســـــتەڵەک و چلورە ئامێز
هەرچی بوونە تێیدا ونە
ژیان لە کونجی مـاڵەکـەمـدا
خـۆی حـەشــارداوە بێ هێـز
گەر دەپرسن لە حاڵی بێ حاڵم
لـە تەنـیایی و بێکەسیـدا
دەمەوێ هەمووتان بگرمە ئامێز.

# خودایە

خودایە، دەمەوێ ببمە هاوەڵی موسا)
بچمە سەر کێوی تور) و دەسکەم بە نزا،
هەر لەوێ چەن ڕازێکی دڵمت بۆ باسکەم
خوانێکت لە گلەیی و گازاندە بۆ سازکەم
وتە گیربووەکانی گەرووەمت بۆ هەڵڕێژم
بەهەزاران نیشانەی پرسیارت بۆ ڕیزکەم
ئاهو حەسرەتەکانی ناخمت بۆ بەیانکەم
خودای ئەرز و ئاسمان لە کوێ بەدیتکەم
من بچووک و سادە و ساکار بە وێنە دیار
تۆش تەلیسماوی و خەیاڵ، ون و نادیار
من بە ئازار و ناڵەم، پڕ خەم و ئەندێشەم
تۆش مات و بێدەنگ، بێ باک و بێ خەم
من مێژوویەک لە مەینەتی تۆمار دەکەم
تۆش بێ ئاگا لە هیچ شوێنێک بەدیت ناکەم
خەیام نیم قسەکانم بە کوفر لە قەڵەم بدەن
بەندەیەکی دەستی چەرخی چەپی قەدەرم
هاواری ژنە کوردێکی ئەنفال و کیمیابارانم
دەنگی کچی کچە ئێزیدیەکی بێ دەرەتانم
چارەی مەینەتیەکانم ڕووە و کێ بکەم ؟
پرسە بێ چارەکانم ئاراستەی کێ بکەم ؟
من مرۆڤم، نە کۆیلە و نە بێ دەسەڵاتم
دە دەرکەوە دەمەوێ لە بوونت بێگومان بم..!

# گەر بڕیار بێ

گەر بڕیار بێ بێمەوە شار
وەکو هەڵۆ بە باڵی گڕ، دەنووکی دڕ
بە سەر یاڵا دەنیشمەوە
هەر وەک کەوی کوێستانان
بە شاپەڕ و خەت و خاڵی ڕەنگاو ڕەنگم
بە قاسپە و چریکەی دەنگم
بە سەر کەشکەڵانی چیا دەنیشمەوە،
شکۆیان بۆ دەگێڕمەوە
گەر بێمەوە، وەیشومەی مەرگ ڕاودەنێم
لە ئاسمانی هەور گرتووی
خۆر نەدیوی شارەکەمدا
ڕۆژیان بۆ دەگەڕێنمەوە
سروە) ی بەیانیان بۆ دێنم
ڕەشەبای شووم وەدەردەنێم
وەکو گۆدۆ) ی فریادڕەس
چارەنوسیان بۆ دەگۆڕم.

# ئێستا خەمێک نیشتیمانە

ئێستا خەمێک نیشتیمانمە
وەک گاشە بەردێکی گەورە
سەرەڕێی شاری لێ گرتووم
دەمەوێ گوزەر بکەم
بە شەقامەکانیدا، بە کۆڵانە تەنگەکانیدا
قاچەکانم ڕێ ناکەن،

ئێستا برینێک میوانمە
یادی خەمی ساڵانی ڕابردوومان کردەوە
شەرابی کۆن و نوێمان نۆشی
زامێک لە قووڵایی دەریاکان قووڵتر
ئازارێک لەگەردوون گەورەتر
تێکەڵی جەستەو خوێن بووە
تائەمڕۆش تیمار نەبووە،

ئێستا خۆم و خەمەکان و میوانەکان
غەرقی یادەوەریەکانین
دڵنەوایی یەکتر دەکەین
بەبێدەنگی هەنسکی سارد هەڵدەمژین،

# سکێچی تۆ

هیچ وێنەیەک،
وەک ڕوخساری جوانت سەرسامم ناکا
هیچ نیگایەک،
هێندەی نیگای چاوەکانت مەستم ناکا
هیچ ئاوازێک،
لەم جیهانە بە سیمفۆنیای دەنگت ناگا
هیچ بینینێک،
هێندەی دەرکەوتنی تۆ گەشبینم ناکا
هیچ وشەیەک،
هێندەی چپەی لێوەکانت عاشقم ناکا.

# وەرن

وەرن، باخی ژیان
گوڵاو پرژێن کەین
بۆ زامە سارێژ نەکراوەکان
ببین بە هەتوان،

وەرن، لەم چۆڵەوانیە
ڕۆژگار پڕکەین لە ئاوەدانی
ئومێد پەخشان کەین بۆ هەمووان،

وەرن، ببین بە گوڵە نێرگز
کە بەهاران چەکەرە دەکا و
بە کوێرایی دڕکە زیەکان
دێتەوە ژووان،

وەرن، وەک شانە هەنگ
هەڵاڵە بکەین بە هەنگوین
تا شیرینکەین تاڵیی ژیان.



# لە ئامێزی شاعیران

پۆشاکی شیعرم لەبەر کردووە
سێ گەز لە شاڵی وشەی رازاوە
چارۆگەیەک لە ئاورِیشم
لە هەر کوچەیەکی شیعردا
شاعیران رِێم پێ دەگرن
خۆشناو) بە سڵاوی پیرۆز) ی
گرِو تینی کوردایەتی دەپرژێنێ
پەشێو) بە سەدان ساڵە) ی
قینی دڵی هەژاران دادەمرکێنێ
کۆڵانەکانی رِوحم گەش دەکەن
لەتیف هەڵمەت) بە دیوانی
پرچی ئەو کچە رەشماڵی
گەرمیان و کوێستانمە)
جوانی شیعرم پێ دەناسێنێ
بەهەر کونجێکی ئەم دڤەرەدا دەرِۆم
خامەکەی نالی) بۆ حەبیبەکەی و
شیعرێکی عاشقانەی رێم پێدەگرێ
شێرکۆ) بە ئێستا کچێک نیشتیمانمە)

لە هەتککردنی کیژۆڵەیەک ژان دەیگرێ
بەهەر ڕێگایەکدا گوزەر دەکەم
مەحوی) و سالم) و مەولەوی) قوت دەبنەوە
قەڵەمەکەی وەلی دێوانە) دەدۆزمەوە
کە بۆ شەم) لە حەسرەتا سووتا،
بەوی تردا گوزەر دەکەم
حاجی قادر)م دێتە پێش
لە مەیدانی بەهارە) م بۆ دەچرێ
بەوی تردا گوزەردەکەم قانع)
بەخەنجەرێکی تیژەوە کەوتۆتە وێزەی
داگیرکەرانی کوردی بەشمەینەت،
لەولاتریش برایم ئەحمەد)
بە دەنگە زوڵاڵەکەی خاڵە تایەر)
شیرین بەهارە) م بۆ دەڵێ
چەن ڕازاوەو جوانە ژیان
کە بەقەتاری شاعیراندا گوزەر دەکا
تارایەکی ئاڵی قەشەنگ
دەکا بە باڵای شیعردا
پێکی نەمریی پێ هەڵدەدا
چەن گەرمە ئامێزی شاعیران
شیعر دەڵێنەوە بۆ هەتاو، بۆ ژیان.

# تەنیاییت پڕ بکەم لە خۆم

چەن خۆشە
لە بوونتدا، بوونم هەبێ
هەست بە بوونی ژنێتی کەم
لە هێلانەی عیشقتدا بحەوێمەوە
هەڵگری ناز و سۆزت بم
هاوەڵت بم، هاوبیرت بم
شیرینی ژینی تاڵت بم
تاکە گوڵەکەی عیشقت بم
شەوانەش بە سۆز و ئەوین
ئارامی دڵ و گیانت بم
جوانتر لە پەڕەی گوڵ و
ناسکتر لە ئاورێشمی دڵ
بۆت بێمە ژوان
خەم و پەژارەی ڕۆژگارت
بیر بەرمەوە
تەنیاییت پڕ بکەم لە خۆم
ئامێزی گەرمم لانەت بێ
باڵەکانم جۆلانەی عیشقت بێ
ڕوحم ئاوێزانی ڕوحت بێ.

# ژەنین

بۆ ژەنینی ئاوازی سیمفۆنیای سۆناتای مانگەشەو،
بیتهۆڤن، تەنها چاوی لیزا، و پیانۆیەک و
مانگێکی درەوشاوەی هەبوو،

بۆ ژەنینی خەزان بەبێ گیتار
گەڵا سەما دەکا و گوڵ دەژاکێ
سروشت لە دارێکی وشک و ڕوتاوەدا
بەخامەی نیگارکێشێک
دەبێتە جوانترین تابلۆ،
بۆ ژەنینی ماچ لەسەر لێوانی یار
نای، ەکی شیرین و نهێنیەک بەلێو دەوترێ
چرپەیەک بەگوێدا دەچپێت
ماچ و لێو دەبنە دوو پەیامبەری ئەوین،

بۆ ژەنینی باران بێ کەمانچە
هەورێکی چڕ
دڵۆپەکان نەرم نەرم
جوانیەکان ئەفسوناوی تر دەژەنرێن.

# سپاردنی ڕوح

چەند سەختە سپاردنی ڕوح
لەدووا ساتەکانی ژیان
جیابوونەوە لەجەستەی شەکەت و بێناز
نزیکبونەوەی کۆتاییەکان
کە ناخ دەگریی و
هاوار بۆ سروشت دەبا
تکا لە فریشتەی مەرگ دەکا
بەشێنەیی و بەبێ ئازار
ڕۆحە سپیە پاکەکان بگێڕێتەوە بۆ ئاسمان
جەستەی ماندوش، بۆ ئامێزی دایک
بۆ خاک.

# خەونەکان نیشتنەوە

لانکی تەمەن
نە ڕاژەنین بوو نە ڕاچەنین
ڕەوتێکی بێ مروەتانە
شەوگاری پێ تەی کردم و
خەونەکانی ڕۆژگاری پێ ناشتم
ویستم کۆڵی حەسرەت
لە کۆڵوانەکەی پشتم داگرم و
کۆڵێک لە دڕک و داڵ بنێژم
خەونەکان بە سپێتی ڕووەو کەشکەڵان و
بەرەو بەرزاییەکان بەرم
تابووەکان بشکێنم
سپیەکان لە سپێتی ناخدا بڕوێنم
ڕەدووی عیشقی ڕوح کەوم
ئەو کاتەی خەونەکان لەفڕیندابوون
لانکی تەمەن گەڕایەوە
بۆ تەمەنێکی بەسەرچوو.





# هەستێک

که بیلبیلەی چاوانی من
لەخۆڵەمێشی ڕاهاتوون
خەتا لە جوانی تۆ نییە
لە سۆمای چاوانی منە
کە ڕەنگەکانی لێ ونە.!

# پێکی ژەهر

قەسیدەی عیشقم
شاعیرێکی بێهودە دەمهۆنێتەوە
چیرۆکێکی نامۆم
عاریفەکان دەمنووسنەوە
خەمێکی ئەبەدیم
دابڕان و تەنهایی دەمناسنەوە
پێکی ژەهرم
تا نەمربێت لە عیشقدا
تەنها عاشق دەمخواتەوە.

# ژین و مەرگ

دیمەنی ئاوابوونی خۆر
لە هەڵاتنی قەشەنگترە
دەسبەردان و جیابوونەوە
لە ژوان و بەیەکگەیشتن، بە ئازار ترە
مردن و نەمان
لەچاوهەڵێنان و لەدایکبوون، کاریگەرترە
یادگاریەکانی ژیان، لە ژیان بە سوێترە.

# هیچ!

هـیـچ حـەزێک، هێندەی بینینـی تۆ دڵخـۆشـم ناکـا

هیچ نیگایەک، هێندەی چاوەکانی تۆ سەرخۆشم ناکا

هـیچ ئـاوازێک، هێـندەی دەنگـی تۆ فەرامۆشـم ناکا

هـیچ بینینێک، هێندەی دەرکەوتنی تۆ گەشـبینم ناکا

هیچ وشەیەک، هێندەی چپەی لێوەکانت مەستم ناکا.

# دژەکان

حەزم لە تەنیاییە
لە قەرەباڵغی ژیان،
حەزم لە بێدەنگیە
لە ژاوە ژاوی شار،
حەزم لە سادەییە
لە ئاڵۆزی دۆخ،
حەزم لە هێمنییە
لە توورەیی با،
حەزم لە بێ ڕەنگیە
لە تێکەڵاوی ڕەنگ.

# شانۆی ژیان

پرسیم لە پەڵە هەورێکی گەڕۆک
چی دەگوزەرێ لەم ژیانە؟
وتی هاوڕێم:
لە هەندێ شوێن کۆڕو بەزمی یارانە
لەهەندێ لا دەستلەملانێی عاشقانە
لەولاتریش ماچ و موچ و ڕاموسانە
لە شوێنی تر ئاهەنگ و شایی گێڕانە
تۆ بڕوانە، لە هەندێ شوێن
واوەیلا و شین و گریانە
لەولاتریش دڵشکان و دەسبەردانە
دوور لەئێوە ڕۆژی حەشرە و بێ ئامانە
هەر وەکو شانۆی ژیانە،
ئیتر وتی: هاوڕێی شاری سەرگەردانم
لەم بەرزاییە من لە تۆ جوانتر دەڕوانم.

# هەنسک

ئێوارەیە و خۆرئاوایە
لە دەلاقەی پەنجەرەوە
دەروانمە بەخوڕ بارینی باران
دڵۆپەکان خێرا خێرا
بە لێزمە دێنە خوارێ
لە شۆستەکەدا پەرت دەبن
وەک خەیاڵ
وەک ئاواتە بێچارەکانی دڵی من
لە جۆگەلەیەک
هەنسک و گریان یەکدەگرنەوەو
دەڕژێنە درزە تاریکەکانی
ناخی سەرگەردانی من.

# باج

شەرم لە ڕووتیی خۆم ناکەم
جەستەم لێ کراوە بە دوژمن
لێم بەڵایە لەش و لارم
بۆ دەبێ سڵ کەم لەژنبوون،
دەزانن لە ئەزەلەوە
دایکە حەوا ڕووت ڕووت بوو
لە هزریشدا خاوەن بریاری خۆی بوو
کەچی لەم ڕۆی عەولەمەدا
داوای پۆشتەییم لێ دەکەن
پۆشتەییەک، دەمکا بە تارمایی ژنێک
ڕوخسار ون، بە پەچەی شەرم
باڵاپۆش، بە جبە) ی عەیبە
بێ هەڵوێست لە بیرو بۆچون
دە پێم بڵێن
باجی چی دەدەم منی ژن؟
یاسا بۆ ئەقڵ چەسپاوە
سزا بۆ جەستە دانراوە
چ ڕۆژهەڵات چ ڕۆژئاوا،

لە نێوان زۆرە ملێی،
ڕووتبوونەوەو باڵاپۆشی
هیچ جیاوازیەک نابینم،
یاساو دەستوور و مافی مرۆڤم بۆ چیە
کەمن باجی مێیینە بوونی خۆم بدەم
ژنێک گوتی:
دەی ئەگەر ڕێم پێ دەدەن
ڕووت دەبمەوە
چۆن یەکەمجار بەبێ سانسۆر
لە دامێنی دایکمەوە بەربوومەوە.

# دەڵێن:

ڕازیکردنی دڵی ژن
تەمەنیی نوح و
گەنجینەی قارون، و
سەبری ئەیوبی دەوێ
منیش دەڵێم:
ئەفسوس!
ڕازیکردنی دڵی ژن
تەنها دوو دێڕ شیعری پاراوی
عاشقێکی دڵ تەڕی دەوێ.



# کەشکۆڵی شین


شین لەچاوی منالانی ڕۆژئاواییدا
ئارامی و هێمنی دەریایە
شین لە کولتوری کاڵفامەکاندا
چاوەزار) ی سەر دەرگایە
شین لەکۆڕی هەق بێژاندا،
ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیە
شین سروشتە، گەورەیی گەردونە،
شین تیشکی خۆر شەرمەزار دەکاو
لە ئاسماندا بێ هاوتایە
لە تابلۆکـەی ئاغالەدا، ماچە)
پێدانی ڤیزەی خۆشەویستیە.

# بەسە بێدەنگی

پەردەکان هەڵدەنەوە
با هەموو سیناریۆکان ئاشکرا بن
جامە ڕەشەکان لێکەنەوە
با پیاوە بوودەڵەکان دەرکەون
دەرگا پۆڵایینەکان بتەقێننەوە
تا دەرکەوێ پێکی غەدرو مێزی خۆفرۆشیان
کۆشک و تەلارەکانیان خاپوورکەن
چاوی پڕ تۆڵە ببڕنە بۆرە پیاوەکان
داخەکەم هێشتا مێژوو
گەواهی نەداوە بۆ خیانەتیان.

# تاجە گوڵینە

مالّی تەنیایی جێدێڵم
پریاسکەی دڵ والّادەکەم
بەتەوژمی عەشق و جوانی
هەنگاوەکان چڕتر دەکەم
بەرەو  وڵاتی کازانۆڤا و
دولبەرانی عیشق و ئەڤین
وێنای کۆڵنەدانی سیزیف
سەرسەختانە ڕێگا دەکەم
تاجە گوڵینەی جوانی
هەتا ئەبەد لەسەردەکەم.



# قەتیس ماوم

قەتیس ماوم لە دڵۆپێکدا
نە ئەوەتا، بڕژێمە سەر گەڵایەک و
تەڕ تەڕی کەم
نە ئەوەتا، وەکو ئاونگ
گیرۆدەی گوڵێکی ئاڵی
ئەرخەوانی شێدار ببم،
کە فرمێسکی قەتیسماوی
چاوێکی پڕ گریانم دی
کەوتمە سوژدە
بۆ هەورە سپی پۆشەکان
ببمە ڕێژنە باران و
بڕژێمە سەر زەوی ویژدان،
کەوتمە سوژدە
بۆ درەختی باخی تەمەن
مەودام بدا جارێکی تر
بۆی بێمە ژوان.


Sherwan

## عیشق

ئاوێنەی ڕووی ئەویندارانم

ئاونگی سەر لێوی تینوانم

هێمنکەرەوەی هەستی بێدارانم

پەیامی نەگەیشتووی دڵی غەمبارانم

ڕەنگدانەوەی دڵ و ڕۆح و گیانتانم

منم عیشق.



# بەسەرهاتی دار

دارێک، هاواری لێ هەستا
لە ناو قەدەوە بڕایەوە
دارێک، ئەسرینی ڕەشی ڕشت
سوتاندیان و کوژایەوە
دارێک، جۆلانەی خۆشییان لێبەست
کەچی دوو لقی شکایەوە
دارێک، شین و گریانیەتی
بێ گەڵا سەری نایەوە
دارێک، بێزاری دەربڕی
دیسان پایز گەڕایەوە.

# دەترسم

من دەترسم، لە تۆ دەترسم
ترسم هەیە خەونێک بیت
ترسم هەیە نسێیەک بیت
دەترسم لە سبەی . لە ونبوون
لە سێبەرێکی نامۆ دەچیت
لە خەیاڵە نادیارەکان دەچیت
لە باق و بریقی تراویلکە دەچیت
لە خێوو و دێوو خواوەندەکان دەچیت
نەبینراو .. نەبیسراو .. ون
لە تۆ دەترسم.

# ئەمەک

دارێک هاوڕێم بوو
هەڵگری نهێنیم بوو
هاوڕێیەکی جوانبوو

پەڕەسێلکەیەک
عاشقی دوو دێڕ شیعری هەتیوم بوو
فرمێسکەکانی هەڵئەمژیم
عەشقی پیرۆز بوو

خامەیەک
دڵسۆز بوو، بە ئەمەک بوو
هەمووی بۆ هۆنیمەوە.



# پرسێک

تا ئێستا بە خەیاڵتدا هاتووە
دەس بەنێو وشەکانمدا بگێڕی
تاوێ بەدیار سیمای شیعرێکمەوە
خەیاڵ بتباتەوە
یان هیچ نەبێ سڵاوێک لە
هۆنراوەیەکی هەتیوم بکەیت و
خۆت بەدیداری دوو دێڕم شادکەیت..؟

# خۆزگە هاودەمم دەبووی

خۆزگە هاودەمم دەبووی
تا ڕۆژانە و پێنج فەرزە
وەک نوێژە جەبریەکان
بەر سزای بینینی
سیمای تەلیسماویت بکەوتمایە،

خۆزگە هاوسێم دەبووی
تا وەک کچە شۆخێک
بە تامەزرۆوە چاوەڕوانی
هەڵاتنی گزنگی خۆرت بوومایە
بمزانیبا چەند گوڵ
بەدەمتەوە دەخەنن
چەن کەناری
بەدەرکەوتنت دەخوێنن،

خۆزگە دراوسێم دەبووی
تا لەودیوی شورەی ماڵتان
گوێم لە گریانی بێدەنگ و

ئاهی بێئارامیت بووایە
گوێم لە خۆشی و پێکەنین و
دەنگی قاقای گەرمت بوایە

خۆزگە هاودەمم دەبوویت
برژانگەکانم پەرژین و
سینەم فەرشی بەرپێت بوایە
خۆزگە سەد خۆزگە دراوسێم بای
تا منیش بەر پڕوشەی ئەوینی
کوڕە دراوسێ بکەوتمایە.

# باخچەی ژن و هەنار

لە باخچەی پاکیزەیی و ژنێتیدا
پێگەی خواوەندی ڤینۆس
بەدەم خەندەی
گوڵێکی ئاڵی دەورتەنراو بەدڕک و داڵ
چەن قەیرە هەنارێکمان بەزمانی باخچە دوواند،
بە تاڵیی و شیرینیەکانی ژیانەوە، هەنار بە هەنار
دەنکە سوورەکانیان بە تیژی مێینە گۆشکرابوون
وەک منداڵاندانی ژن
ژانی ئاڵ و زایینی کۆرپەی باخ
هەنارە سوورەیان مەڵۆ کردبوو
هاوشێوەی کۆترەکانی
مەیدانی پاریس و بروکسل نەبوون
تا لەگەڵ هاوەڵەکانیان دەنووکیان لێک بسوون و
دەنکە هەنار وەک ماچ بگۆڕنەوە
ژیان لە هەسارە و دەڤەرەکانی مرۆڤایەتی وەهایە
کەچی قەیرە هەنارەکانی باخەکانی ئێمە
بەدەست بێبەزەیی ڕۆژگار و
کەڵبەی پیاوە زبرەکانەوە قڵیشاون

**هەناری کوردی**

پڕ بەدەمی پۆلە ڕێبوارێک شەرابی مەستیان پێیە
لێ ئەفسوس، بێناز و بێپەروان
نە دەستی جوان خاس و
نە حەزی بێستانڕنیان هەیە
جاڕی ژنیەتی لەم مەملەکەتەدا گەلێک سەختە
وەک سەختی شەختەبەندی چیاکان
لە وەرزی زاینی زستاندا
دڵی ژنێک بێدەنگ بێدەنگ
لە دەلاقەی پەنجەرەیەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە و
سۆراغی هەواڵی عیشقێک دەکات و
لەداڵانی چاوەڕوانیدا دۆش داماوە
تاکەی وەک ژن یا وەک هەنارێکی گەییو
لێم دەڕوانن؟
من ژانی تەمەنێکی پڕ حەسرەت و
دوور و درێژی نەبڕاوەم
پیرۆزی ژنبوون لەم نیشتیمانە بێ جوتیارە
وەک قەیرە هەناری مێخۆشی قڵیشاو
وەک کۆڵکە ئەسپیندار
بەسەر درەختی ماندویی ژنبوونەوە چەماوەتەوە.

# ئەوەتان پاکیزەکان

ئەو کچانەی بە پاکیزەیی ماونەتەوە
لە مریم) ی پاکیزە کەمتر نەبوون
ئەو گوڵانەی تەمەنیان تێپەڕی و
کەسێ بۆنی پێوە نەکردن
لە پاکیزەیی پاکیزەتر بوون
لە ژینی گەنجی بێ دەرەتان و
لە کاروانی عیشق بێبەشبوون،
کەسێ نەبوو نزاکانیان بگەیەنێتە ئاسمان
ئەوەتان پاکیزەکان، قژی سپی دەهۆننەوە
ئاهو ناڵەی پاکیزەیی دەدروونەوە
گوڵی تەمەن دەژاکێنن بە حەسرەتەوە
چرچ و لۆچی ڕووخساریان، بە ئارایشت دەشارنەوە
هەستی خۆشەویستی لەناخیاندا دەتۆرێنن
حەزی عیشق، لە جەستەی شەکەت سڕدەکەن
ژاراوی جەور و جەفای ڕۆژگار دەنۆشن
باجی پاکیزەیی بوون دەدەن
ئەوەتان پاکیزەکان



بەر تیرو توانجی خەڵکی کەوتوون
بەم ڕۆژگارە لە نیگای بەزەییان هەڵدێن
لە تانە و تەشەرەی کاڵفامەکان هەراسانن
لە نامورادی و بێچارەیی ژیندان
گشت چرکەیەک ئاواتی مردن دەخوازن
بەکۆیلەیی، ئەم دنیایان پاشەکەوت دەکەن
بۆ فیردەوسی ئەفسوناوی و خەیاڵەکان
بۆ دونیای خەونە نەزۆکەکان،

ئەوەتان پاکیزەکان
گوناهەکانی عیشق زەفەری پێ نەبردوون
بەر زینای بەرکەوتنی نێرینەیەک نەکەوتوون
بەحەرامە و نەزەر و قژ هەڵواسین ترسێنراون
لێوەکانیان بە ئاوی نێو زاریان تەڕ دەکەن
تا تینوێتی ناخی بریندار و کۆڵەواریان دامرکێنن
ئای پاکیزەکان چەندە بەستەزمانن.!

# شاژنی شیعرم عەفرین

ڕێگە تراویلکەییەکان دەبڕم
بەسەر تارماییەکاندا ڕێ دەکەم
لەنێو درزی ئاوێنەکان
بە پارچە پارچەیی دەبینرێم
هەر پارچەیەکم شینێک دەگێڕێ
پەژموورده‌یی و هەناسە ساردی
یەکگرتنەوەیان ژانێکی بێ کۆتا دێنێ
لە هەڵگەران بۆ دۆزینەوەی شوناسی گومبوومان
برینەکان دەکولێنەوە
وێڵی سنورێکی نادیارین
زنجیرە چیایەکی سەرکەش
هەور ناگاتە بەرزیان
لەوێیە شکۆی جێماومان،

لەرۆژهەڵات، هاوارێک هەستا و
بێدەنگی شکاند

کێلی سەرکردەی کوردی تەکاند
کۆماری جوانەمەرگی هەژاند
خۆی لە گەردەلوولێک پێچا
وەریگێڕێ تەختی کۆنەپەرستان
عەبایەک و جبەیەکی ڕەش
بوون بەخێو و بەگژیاندا هەڵشاخان
لەوێ یەکەم شینمان گێڕا،

لەباشوور، لە شەوی بەرات
لە باتی نوقڵ و نەبات
کەژاوەی بووکی کوردستان بەڕێوەبرا
شۆڕەژنێک بەشودرا
تارای بوکێنی لەسەرنرا
بەخەڵاتی بەرات پێشکەش کرا
لەوێ دووەم شینمان گێڕا،

لە باکوور، لەنێو دڵی مێرێکی مەرد
ڕەنگی خاک و بۆنی خاک و
کوردستانمان تیا بەدی کرد

سەرکردەکان لە کونجی زیندانا و
لە سەر مینبەری پەرلەمانا
وەک شێر ئازاو بەجەرگن
ژنان قەڵغانی سەنگەرن
کەزی ناسکۆڵەکان،
پەتی قەنارەن بۆ دوژمن
سڵاو لە نەمری و بەرزی ژن
لەوێ یەکەم شایی گێڕدرا،

لەڕۆژئاوا، سیمبولی بەرخودان
هەزاران لاشە بێ سەربوون
بە کەزیەوە هەڵواسران
قەت نەسرەوتن، بە شانازیەوە سەرکەوتن
کۆبانێ بوو بەعەفرین
باجی کوردبوونی بەخوێن دا
تاجی سەربەرزی لە سەر نا
لەوێ کوردبوون شانازیە.

# شەڤان
# ناسنامەی کوردانە

من شەڤانم
گیان بەخشەکەی
هەر چوار پارچەی کوردستانم
خەجم، زینم، ئەمن زەریام
پڕ لە گەوهەری ئەڤینم
لە هەولێر هەتا ئامەد
لە مهاباد تا عەفرینم
بڵێسەی ئاگری جەنگم
بۆ ئازادیی کوردستانم
من سەر قافڵەی شەهیدانم
بەکوێرایی دوژمنانم
ئەمن ناسنامەی کوردانم
من تۆوی ئەڤین دەچێنم

خۆشەویستی وەبەر دێنم
گوڵاڵەی مێرگ و هەردانم
لەنێو بەفر و بەستەڵەکدا
هیوای شادی بەهارانم
من ڕەنگی ئاڵای کوردانم
تیشکی خۆرم
تاریکیی شەو دەبەزێنم
بەکوێرایی دوژمنانم
ئەمن ناسنامەی کوردانم
شەرڤان، سیمبولی ئازادی
شەرڤان، دوژمنی بێدادی
هەم ئاگر، هەم ئەڤین
گیانفیدایە بۆ عەفرین
بۆ دوژمنی کورد نەفرەتم
دژ داگیرکەران هەڵمەتم
بەکوێرایی دوژمنانم
ئەمن ناسنامەی کوردانم

# ڕۆژی خۆشەویستیت پیرۆز

ئاخ ڤالانتاین
لە کێشمە کێشمی ژیاندا
خەڵکی ئەو ڕۆژە ناناسن
بەئاگا نین
ڤالانتاین نێرە یاخود مێ
یەکێ وا تێگەیشتووە
یانەیەکی تۆپی پێ بێ،
یەکێک هیوای پێ بەستووە
کەسایەتیەکی بەهێز بێ،
یەکێک گاڵتە ئامێز دەڵێ
چی لە ڤالانتاین بکەین
کەخۆشەویستی لای ئێمە
درەختی زڕ بێ، قەت بەر نەگرێ،
بەڵام ئیدی گوڵێکی سوور
یان خوێنی سووری گیانبەخشێ
هەردووک لەیەک تەرازوودان
لەخۆشەویستیا دەبەخشرێن.

# بەستەڵەکی عیشق

ویستم باسی شتێ بکەم
کە قسەکانت پێ بڕیم
نەتزانی باسی عیشق و ئەڤینی تۆم دەکرد
دوێنێ،
شەقامەکانی زۆر جوانن، وەلی فرەساردن
نازانم ئەوان نیگا ساردەکانی تۆیان دزیوە
یان تۆ بەوێدا گوزەرت کردبوو
ئەمڕۆ،
بەدەم نیگای سارد و تەزیوی شەقامەوە
لەخۆرنشینێکی زەرد و سیسەڵەدا
باخچە شەرمی پاییزی لێ نیشتووە
یادەوەرییە بێباکەکانی عیشق
دەبنە ئاوێنەی هەنگاوەکانم
سبەی.

# گریانی ئەو

گریانی ئەو
گریانی بەرد بوو بۆ نەرمی
گریانی چیا بوو بۆ لێژی
گریانی ئەو
گریانی ڕابردووی تاڵ بوو
گریانی ماسیی دەریا بوو
بێ دەستەڵاتی لەو گریانە
ژانی تەمەنێکی پێ بوو
لە ئاوێتەییدا
دوو دیوی ڕەش و سپیی بوونێک بوو
ئەو گریانە، هەژاندمی، تاساندمی
گڕکانێک بوو لە خۆشەویستی
وانەیەک بوو، لە فێربوونی بەخشندەیی
تا خوێن بە شادەماری دڵدا بێت و بچێ
هەرگیز ئەو گریانەم، لەیاد دەرناچێ.

# ئێستا گەلێک

ژێر دەستەیە، لە چوارلاوە لەژێر جەورو ستەمدایە
بەسەربەخۆیی ئاوسە و کۆرپەیەکی لەسکدایە
چل ملیۆنە، بێ سنوورە، لەنێو گەلان بێ ئاڵایە
لە شەڕی دەستەویەخەیی دوژمن و داگیرکەر دایە
لەسەرخاکی وڵاتی خۆی بێ دەربەستە و بێ نوایە
لە سەر داوای مافی ژیان، بە ئەشـــکەنجە گیانەلایە
ناوی کوردە و ناسنامەی کوردبوونی خۆی لێ بەڵایە
لەچوار سەنگەر، سنگی قەڵغانی گوللەیە جەوانانی گیانفیدایە

# سڵاو ڕۆژئاوا

من باڵوێزی ژنانی سەربەرزی باشوورم
دروشمم خۆرە و ڕێبازم ئازادی
ناوم کوردە و خەونم سەربەخۆیی
وزەی بەرخودانم ڕۆژئاوایە
خوێنم ڕەنگی عەفرین و قامیشلوویە
پەیامی ژنان بوو
ڕووخاندی سەڵتەنەت و داگیرکاری
لە باشووری زایەڵەوە بۆ
زامی جەستەی ڕۆژئاوای بە خوێن شۆراو
لە دەروازەی شۆڕشەوە
بۆ کۆبانێی غەمگینی بووکی ئازادی
لە هەڵەبجەی پڕ ئازارەوە
بۆ عەفرینی هێمای بەرخودان
لە کوردستانی تەنراو بەخەم
بۆ بەرزی گەل و نیشتیمان
لەسەنگەری کوردایەتی
پشتیوانم، چەک لە شانم
دەستە خوشکی شەڕڤانانم.